

# عێراقێکی شیعەگەرا

## لەگەڵ تیۆریی پیاوە شێتەکە یەک ناگرێتەوە

**تیلرسۆن یەکەم کەس بوو، لە بێژینگەکە کەوتە خوارەوە**

**مینی ترەمپ وەزارەتی دەرەوە لە پاشماوەی سیاسەت و ستافی ئۆباما پاک دەکاتەوە**




الله اكبر

«تیۆریی پیاوە شێتەکە. (Madman theory)، تیۆرێکی سیاسییە پەیوەندیدارە بە سیاسەتی دەرەوەی ریچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا، لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە سەرۆك نیکسۆن و ئیدارەکەی ئامانجیان ئەوە بوو، کە سەرۆکی دەوڵەتانی بلۆکی کۆمونیستی بگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە سەرۆك نیکسۆن پیاوێکی غەیر ئەقڵانی و راڕایە، بۆ ئەوەی ئەو سەرۆکانە لە ترسی کاردانەوەی مەزندە بۆ نەکراو خۆیان لە رەفتارە ئیستفزازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوور بخەنەوە.

سەرچاوەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ فیکری میکاڤیلی و لە ساڵی ١٥١٧ گوتوویەتی: «لە هەندێك حاڵەتی دەوڵەتداریدا، کارێکی زۆر لۆژیکانەیە کە خۆت وەك شێت پیشان بدەیت.»

لەدوای دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، زۆر لە توێژەر و پسپۆڕانی سیاسی بۆچوونەکانیان بەو جۆرەیە کە (تیۆریی پیاوە شێتەکە) ئەو ستراتیژییەیە کە سەرۆك ترەمپ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی پیادەی دەکات. هەر بۆیە وەك (هێرمان کان) دامەزرێنەری سەنتەری ستراتیژی (هۆدسۆن) لە کتێبەکەیدا لە بە ناونیشانی: (بیرکردنەوە لەبارەی ئەو شتانەی مەزندە ناکرێن . Thinking About the Unthinkable)، پشتگیری لەم تیۆرە دەکات و دەڵێت: «کەمێك خۆدەرخستنی شێتانە لەوانەیە کاریگەرترین رێگا بێت بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت تەنازولت بۆ بکات.»

بەپێی مێژووی دیپلۆماتییەتی ئەمریکا، ئەم تیۆرە لەو کاتەنەدا لەلایەن ئیدارە جیاوازەکانی ئەمریکاوە پەنای بۆ براوە کە بەو نۆرم و پێوەر و بەهایانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای پێدەناسرێتەوە، کێشە جیهانییەکان چارەسەر نەکرێت، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣، شەڕی کۆریای کرد، لە پێناوی ئەوەی کۆریا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام کاتێك لە ١٩٥٣ ئایزنهاوەر بووە سەرۆکی ئەمریکا لەماوەی تەنیا حەوت مانگدا کۆتایی بە شەڕی کۆریا هێناو بە دابەشبوونی کۆریا بۆ (کۆریای باشوور و کۆریای باکوور) رازی بوو، بەهەمان شێوە ریچارد نیکسۆنیش کە گەیشتە ئەو قەناعەتەی دەبێت شەڕی ڤێتنام کۆتایی بێت، پەنای بۆ ( تیۆریی پیاوە شێتەکە) برد و توانی لەماوەی یەکەمین خولی سەرۆکایەتییەکەیدا بە باشی ئەم تیۆرە پیادە بکات، بەڵام بەهۆی کارەساتی (وەتەر گێت)ـەوە، نیکسۆن لە سەرەتای خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی ناچارکرا دەست لە سەرۆکایەتی بکشێتەوە، هەر بۆیە دوای ئەو ئەمریکا ناچار بوو لە ساڵی ١٩٧٥ لە ڤێتنام بکشێتەوە.

بۆ ئیدارەی دۆناڵد ترەمپیش کە هاتۆتە سەر میراتێکی پاشاگەردانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما و دەرهاویشتە خراپەکانی ستراتیژیەتی (خۆ تێوەنەگلاندن لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و ستراتیژیەتی (سەبرگرتن لەگەڵ پرۆگرامی ئەتۆمیی کۆریای باکوور)، رێککەوتنی (ئەتۆمی) لەگەڵ ئێراندا و، هیچ کام لە ستراتیژانەش سوودیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەبووە و هەموو ئەو کێشانە پێویستیان بەوەیە بەلایەکدا بخرێن و یەکلایی بکرێنەوە، ئەوا سەرۆك ترەمپ وەك شەخسی (سەرۆك) بە سەرکەوتوویی (تیۆریی پیاوە شێتەکە)ی پیادە کردووە، بەڵام ستافە سەرەکییەکەی وەك (تیلرسۆن وەزیری دەرەوە، ماکماستەر راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ماتیس وەزیری بەرگری) بەردەوام هەوڵیانداوە بەوجۆرە دۆست و دوژمنەکانی ئەمریکا تێبگەیەنن، کە سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە دامەزراوەکانی حکومەتی ئەمریکا پیادەی دەکات، نەك لێدوانە ئیستفزازییەکانی سەرۆك.

بەڵام پسپۆڕان و چاودێران دەڵێن، ترەمپ زۆر بەباشی و بە بەختەوە ساڵی یەکەمی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی لەچوارچێوەی ئەم تیۆرە تێپەڕاندووە، هەر بۆیە لەساڵی دووەمدا پێویستی بەوە هەیە ژینگەیەکی سیاسیی سەقامگیر لە ناو ئیدارەکەی بۆ پیادەکردنی ئەم تیۆرە لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی ئەمریکا پیادە بکات، پێویستیشی بەوە هەیە ستافی سەرەکیی ئیدارەکەی کە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، لە بێژینگیان بدات و ئەو کەسانە بێنێتە پێشەوە کە هیچ هاودژییەك لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرۆك دروست ناکات، بۆ ئەمەش هەنگاوی یەکەمی ئەم لە بێژینگدانە، بە ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوە دەستی پێکردووە، بەڵام وەك رۆژنامەکانی ئەمریکا

**دەبێت کوردستان لەدەستی ئەو حکومەتە شیعەی مەزهەبگەرایە رزگار بکرێت، کە نەک ئاشتی و سەقامگیریی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکو ئاشتی و سەقامگیریی تەواوی ناوچەکەش دەخاتە مەترسییەوە، هەروەک چۆن لەدوای داگیرکردنەوەی کوردستانەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وە بۆتە ئەو پردەی هیلالی شیعی تەواوکردووە و تاران و باشووری لوبنانی پێکەوە بەستۆتەوە**

**لە قۆناخی داهاتوودا و کاتێک مینی ترەمپ ( پۆمپیۆ) بە فەرمی دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەولەوییەتی کارەکانی دەبێتە ئەوەی چۆن جارێکی دیکە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا بەهێز بکاتەوە و چۆن هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا بکاتەوە بە پشت و پەنای یەکتری و هێزێک لەبەرامبەر نەیارانی ئەمریکادا**

سەبارەت بە بەردەوامیی ئەم لە بێژینگدانە بڵاوی دەکەنەوە، لەوانەیە خەڵکانی دیکەش وەك (ماکماستەر و ماتیس)یش لە بێژینگەکە بکەونە خوارەوە و بە تەواوەتی گۆڕانکاری لە ستافی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بێتەئاراوە.

دیارە وەك پێشتریش لە پێناسەی (تیۆریی پیاوە شێتەکە) ئاماژەمان پێکرد، کاتێك ئەم تیۆرە دەبێتە ستراتیژ، ئەوا بە میتۆدی ئەم تێۆرە مامەڵە لەگەڵ دۆست و هاوپەیمان و نەیار و دوژمنەکانی ئەمریکا دەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەك (سعودیە و ئیسرائیل و قەتەر و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو و، تورکیا و ئوردون و میسر و تا رادەیەکیش عێراق) لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت بە تەواوەتی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، بەوەی ئایا سیاسەتی ئەمریکا وەك یەك پاکێج بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبووڵ دەکەن، ئەگەر قبووڵی بکەن، ئەوا وەك دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر وەك (تورکیا و قەتەر و عێراق) تەفسیری هاوپەیمانی ئەمریکا بکەن، وەك ئەوەی ئێستا تورکیا دەیکات کە لەلایەك خۆی بە ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنێت، لەملاشەوە لەسەر پرسی کورد و چارەنووسی رۆژئاوای کوردستان، بۆتە دۆست و هاوپەیمانی رووسیا و ئێران، کە ئەمریکا هەردووکیان وەك نەیار و دوژمنی خۆی سەیر دەکات، هەروەها قەتەریش کە خۆی وەك هاوپەیمانی ئەمریکا لەقەڵەم دەدات، بەڵام بە ئاشکرا هاوکاری رێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین و توندڕۆکانی سووریا و بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی و تالیبانی ئەفغانستان دەکات، هەموو ئەمانەش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا وەك تیرۆریست و توندڕۆ پێناسە کراون، یان وەك ئێستای دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق کە خۆیان وەك هاوپەیمان و هاوبەشی سەرەکیی ئەمریکا لەناوچەکە پیشاندەدەن، بەڵام بەکردەوەش نەك هەر هاوکار و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، بەڵکو ئێستا عێراق بە کردەوە بووەتە دەوڵەتێکی ئینتدابی ئێرانی و وەك وەزیری بەرگری ئەمریکاش لەچەند رۆژی رابردوو ئاماژەی پێکرد، کاریگەری ئێران گەیشتۆتە ئاستێك کە خەریکە ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەگۆڕێت. کەواتە ئەم تیۆرە بەو دەوڵەتانە دەڵێت کە بە شێوەی ئینتقائییانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا ناکرێت، یان دەبێت وەك یەك پاکێج ئەو سیاسەتە قبووڵ بکەن، یان دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە چیتر وەك هاوپەیمانی ئەمریکا لە قەڵەم نادرێن.

سەبارەت بە نەیار و دوژمنەکانی ئەمریکا کە لە ئێستادا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بە ئێران و رووسیا لە قەڵەم دەدرێن، ئەوا وەك میدیاکان ئاماژەی پێدەکەن، ئەمریکا بەنیازە بەو زمانە لە سووریا قسە لەگەڵ رووسیا بکات، کە تێدەگات و دەبێت رووسیا بیر لەوە بکاتەوە کە هەتا ئێستا مەزندەی نەکردووە، سەبارەت بە ئێرانیش دیارە وەك لە قسەکانی شازادە محەمەد بن سەلمانی جێنشینی پادشای سعودیە بۆ کەناڵی (CBS) ئەمریکی دەردەکەوێت و، پێش ئەوەی لە ٢٠ی مارت لەگەڵ سەرۆك ترەمپ کۆببێتەوە، ئەوا ئەمریکا بەنیازە بە رێگەی سعودیە لغاوگیری پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بکات، ئەمەش بەو مانایەی هەتا ئەگەر ئەمریکا لە رێککەوتنی (JCPOA . 5+1) بێتەدەرەوە، ئێران نەتوانێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات، لەبەر ئەوەی وەك شازادە محەمەد سەلمان ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر ئێران بەنیاز بێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەوا سعودیەش هەمان هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوجا ئەگەر پەرەپێدانی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێران نزیکەی ٧-١٠ ساڵی دیکەی بوێت، هەتا ئێران دەگاتە ئەوەی ئەو توانایەی بۆ دروست بێت کە چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەوا سعودیە بە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەوانەیە بۆمبی ئەتۆمی بە دیاری بۆ بەرن، ئەم بۆچوونە لە خودی قسەکانی شازادە محەمەد سەلمان دەخوێندرێتەوە کە راشکاوانە دەڵێت: «ئێران ئەو دەوڵەتە نییە کە بتوانێت رکابەری لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە بکات.» هەروەها رۆژی ١٨ی مارتیش تەواوی ئەم دیدارەی شازادە لەگەڵ کەناڵی (CBS) پەخش دەکرێت کە رۆژی ٢٠ی مارت سەرۆك ترەمپ لە کۆشکی سپی پێشوازی لە شازادەی سعودیە دەکات، لەمەش گرنگتر هەندێك لە چاودێران بەوجۆرە شرۆڤەی دوورخستنەوەی تیلرسۆن لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

**بڕیاری ریفراندۆم نەک هەر بڕیارێکی دروست بووە بۆ دیاریکردنی ئایندەی کوردستان، بەڵکو بڕیارێک بووە بۆ دووبارە گێڕانەوەی شکۆی سیاسەتی ئەمریکا و دووبارە رێکخستنەوەی عێراق لە قۆناخی پۆست داعش و ریگرتن بووە لەوەی سیاسەتی مەزهەبگەرایی دیکتاتۆری لە عێراقدا دروست بێت**

**درێژەدان بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما و ئاستەنگ دروستکردن بۆ سیاسەتی تازەی ئیدارەی ترەمپ، بووە هۆکاری ئەوەی کە باشترین دۆستی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ( کوردستانە ) بکرێتە قوربانی و بخرێتەوە ژێر رکێفی حوکمڕانی شیعەگەرایی عێراقەوە**



دەکەن، بەوەی گوایە ئەمە ئەو خەڵاتەیە کە ترەمپ پێشکەشی سەردانەکەی شازادە محەمەد سەلمانی دەکات.

- **پرۆسەکەی ترەمپ تەنیا دوورخستنەوەی کەسێك نییە دارِشتنەوەی هەیکەلە و دروستکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە**

لەدوای سەرهەڵدانی داعش و کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە حوزەیرانی ٢٠١٤، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئاستێك گەیشتبووە بنبەست کە دیموکراتەکان پێش کۆمارییەکان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەو سیاسەتە نەك هەر ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، بەڵکو بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شکۆی ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کۆتایی بێت، هەر بۆیە باراك ئۆباما لەمانگی ئابی ٢٠١٤ و دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و پاش ئەوەی بینی هێزی پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە لەسەر زەوی دەتوانێت داعش رابگرێت، ئەوە بوو سیاسەتی خۆی گۆڕی و پشتگیری خۆی بۆ شەڕی دژی داعش راگەیاند و لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ و دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (زممار و بەنداوی موسڵ)ی لە تیرۆریستانی داعش پاك کردەوە، ستراتیژیەتی (تێکشکان و لە ریشەهەڵکێشانی داعش)ی راگەیاند، لەمەش زیاتر باڵیۆز جیمس جێفری کە پێشتر باڵیۆزی ئیدارەی ئۆباما بوو لە بەغدا، سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش، لە پەنێڵێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك راشکاوانە ئەو پێشنیارەی خستەڕوو و گوتی: «ئەگەر بمانەوێت داعش لەسەر زەوی تێکبشکێنین، ئەوا دەبێت هێزێك بە هاوشێوەی هێزی پێشمەرگە لە سووریا و عێراق دروست بکەین و ناوچەکانی دیکەش لە داعش پاك بکرێنەوە)، بەڵام نە ئیدارەی ئەمریکی و نە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش، نەیانتوانی نە لە

**کاری سەرەکی و سەرەتایی مینی ترەمپ دەبێت ئەوە بێت کە جۆرێک لە ئاشتی و پێکەوەژیان لە نێوان (دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا) لەناوچەکە دروست بێتەوە، هەروەها دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەریەکەیان هێزێک بن بۆ ئەوی دیکەیان، نەک هاوپەیمانەکانی ئەمریکا یەک پشتی ئەوی دیکە بشکێنێت و سەرەنجامیش دوژمن و نەیارەکانی ئەمریکا بەهێزتر بن**

**ئێران لەوەسفی پۆمپیو ئاماژەی بەوە کردووە کە پلان و نەخشەکانی CIA دەگوازێتەوە بۆ ناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەم گواستنەوەیەش پێویستی بە ستافێکی تازەیە کە وەک ترەمپ بیر بکەنەوە، نەک درێژە بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بدەن**

عێراق و نە لە سووریاش هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دروست بکەن، ئەمەش بەو مانایەی هەم توانای ئەوەی هەبێت داعش تێکبشکێنێت و هەمیش ئەخلاقی سەربازی لەو ئاستەدا بێت کە فرەیی و پێکەوەژیان بپارێزێت، هەر بۆیە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەکۆتایی ٢٠١٤ لەشەڕی دژی داعش بەهۆی هێزی پێشمەرگەوە لە عێراق وەك سیاسەتێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم درا، لە سووریاش رۆبەرت فۆرد هەڵسووڕێنەری سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا لە ئیدارەی ئۆباما دەستی لەکارکێشایەوە و پاشانیش رووسیا هاتە ناو شەڕی سووریا و ئەمریکا لە هاوکێشەی شەڕی داعش لە سووریادا پەراوێزخرا، هەروەك چۆن ئێستاش هەر پەراوێزە.

لەساڵی ٢٠١٦ و لەگەڵ دەستپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەی تێکڕای راپرسییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد (هیلاری کلینتۆن) هەڵبژاردن دەباتەوە و دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، بەڵام لەسەر ئاستی هەردوو حزبی (کۆماری و دیموکراتی) چەند لیژنەیەکی زۆر تایبەتمەند دروست بوون کە بە درێژایی ساڵی ٢٠١٦ خەریکی دارشتنی پرۆپۆزەڵێکی نوێ بوون بۆ سیاسەتی تازەی ئەمریکا بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر (هیلاری کلینتۆن) یش ببوایە بەسەرۆکی ئەمریکا، ئەوا نەیدەتوانی درێژە بە هەمان سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات.

بەڵام کاتێك سندوقەکانی دەنگدان (ترەمپ)ی هەڵبژارد بۆ سەرۆکی ئەمریکا، دیموکراتەکان تووشی شۆك بوون و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەمریکادا، پارتی کۆماری پشتگیری ئەو خۆپیشاندانەی دەکرد کە دژی سندوقەکانی دەنگدان و دەرچوونی ترەمپ لە شەقامەکانی ئەمریکا بەڕێوە دەچوون، لەمەش زیاتر پارتی کۆماری هەموو هەوڵێکی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ سەرکەوتوو نەبێت و ترەمپ ناچار بکەن لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دەست لەکار بکێشێتەوە.

**درێژە پێدانی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەلایەن ریکس تیلرسۆنەوە بووە هۆکاری ئەوەی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لە عێراقدا ببێتە دیارییەکی بەلاش بۆ کۆماری ئیسلامی و لە تورکیاشدا بوو بە سەرکەوتنی رووسیا و ئێران و تورکیاش بە ناچاری پشتی لە ناتۆ کرد و بووە هاوپەیمانی رووسیا و ئێران لە کۆبوونەوەکانی سۆچی و ئەستانەدا**

**مینی ترەمپ رێگە نادات، ئەندامێکی پارتی دیموکراتی نوێنەری سەرۆک ترەمپ بێت و درێژە بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ کۆماری ئیسلامی عێراقی شیعەگەرا بدات**



**پسپۆڕان و توێژەرانی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی سیاسی، لەدوای بڕیارەکەی ترەمپ بەدوورخستنەوەی تیلرسۆن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تیلرسۆن ڕێگر بووە لە گۆڕینی ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەشی هەرە زۆری ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەمان ئەو ستافە بوون کە لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان بەڕێوە بردووە**

**ئاخۆ قەیس غەزەعەلی فەرماندەی میلیشیا وەکیلەکانی حەشدی شەعبی دەتوانێت بە مینی ترەمپیش بڵێت: دەبێت پرسیار بکەین، ئایا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەمژەیە، یان خۆی گەمژە دەکات، کاتێک داوا دەکات میلیشیا وەکیلەکانی حەشدی شەعبی عێراق بەجێ بهێڵن**

ترەمپ بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕایگەیاندبوو کە بەڵێنی بە گەلی ئەمریکا دابوو، جێبەجێیان بکات، ستافێکی هەڵبژاردبوو کە هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەوە کە بەدەست لەکارکێشانەوەی (مایکل فلین) دەستی پێکردو لەجێگەی (ماکماستەر) دانرا، پاشانیش کاردانەوەکانی دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا، سەبارەت بەو میتۆدە تازەیەی سیاسەتی ترەمپ، وایکرد زەمنیەکی لەبار بۆ ڕووسیا دروست بێت و باشتر سوود لەو ناسەقامگیرییە وەربگرێت کە هاودژی نێوان ستافی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆك ترەمپ دروستی کردبوو.

دۆناڵد ترەمپ وەك لە کۆڕبەندی داڤوس لەسەرەتای ٢٠١٨ ڕایگەیاند، لەماوەی ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەی زیاتر سەرقاڵی پرسە ناوخۆییەکانی ئەمریکا بووە، لە گوتارەکەشیدا شانازی بەوە دەکرد کە چۆن توانیویەتی لەماوەی ئەم ساڵەدا بناخەی ئەمریکایەکی تازە لەناوخۆدا دابڕێژێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، ئەمریکا تەواو شکۆی هاتبووە خوارەوە و شەڕەدەنووکی نێوان دۆناڵد ترەمپ و کیم جۆنگ ئۆنی سەرۆکی کۆریای باشوور گەیشتبووە ئەوەی کامیان زووتر دەست بە دوگمەی چەکە ئەتۆمییەکاندا دەنێن، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا بە تەواوەتی چووبووە بەرەی ئێران و ڕووسیا و بە ڕێگەی قەتەر هەڕەشەی لە عەرەبستانی سعودیە دەکرد، ئەنجومەنی هاریکاریی دەوڵەتانی کەنداو کە بە درێژایی سەدەی بیستەم هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، بەهۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە بە کردەیی لەبەریەك هەڵوەشابووەوە، لەمەش خراپتر، ئێران بە هاوکاری عێراق و سووریا، پشتێنەی هیلالی شیعی تەواو کردبوو و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی سەیدە زەینەب و فاتیمە بە هاوکاری میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی لە نزیك بەرزاییەکانی جۆلان لەناو سووریاوە و لە باشووری لوبنانەوە، ئیسرائیلیان خستبووە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆوە، دیسان هەر بەهۆی هەڵەکانی سیاسەتی ئەمریکاوە، گەلەکۆمەکییەکی چەند قۆڵی لەلایەن بەغداو تاران و ئەنکەرە دژی کوردستان دروستکراو بەشێکی زۆری کوردستان داگیرکرانەوە و چەندین جۆر گەمارۆی ئابووری و ئاسمانی بەسەردا سەپێندرا.

سەرۆك ترەمپ پێش ئەوەی ١٠٠ ڕۆژ لە پۆستەکەی تەواو بکات، بە موشەکبارانکردنی سووریا هەوڵیدا شێوازێکی تازەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ناوچەکە پیشان بدات، هەروەها بەپشتگیریکردنی گەمارۆی چوارقۆڵی (سعودیە و ئیمارات و بەحرێن و میسر) لەسەر قەتەر، هەوڵیدا هاوپەیمانەکانی تێبگەیەنێت کە دەبێت خۆتان ڕاست بکەنەوە، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانەی ترەمپ لەلایەن وەزیری دەرەوە و بەرگری و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ئاستەنگی بۆ دروست دەکرا، لەبەرامبەریشدا هەر دەوڵەت و لایەنێك پشتی بە سیاسەتی ئەمریکا لەکێشەکاندا بەستبێت، وەك سعودیەی بەسەر دەهات کە هەر هەنگاوێکی هەڵدەگرت لەبەر ئەوەی ستافی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆك هاوڕا نەبوون، پاشان بە شکستی سعودیە کۆتایی دەهات، هەر لەم چوارچێوەیەشدا حکومەتی عێراق بە پشتگیری ئێران توانی هێرش بکاتە سەر کوردستان.

دۆناڵد ترەمپ لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ بە تەواوەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ڕاست بکرێتەوە، بۆ ئەمەش بڕیاریدا کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئۆرشەلیمەوە بگوازێتەوە بۆ قودس، بەڵام وەك لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو تێبینی کراوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە کردەیی لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئەم بڕیارەی ترەمپ پەك بخات و لە میدیاکانیشدا وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، بەردەوام ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بڕیارەکەی ترەمپ، مانای گواستنەوەی دەستبەجێی باڵیۆزخانەکە نییە بۆ قودس، هەروەها سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئەمریکاش لەگەڵ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران، هیچ جیاوازییەك لەنێوان بۆچوونی جۆن کیری وەزیری دەرەوەی سەردەمی باراك ئۆباما و ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئیدارە ترەمپ نەبووە.

پسپۆڕان و توێژەرانی ناوەندەکانی فیکر و

لێکۆڵینەوەی سیاسی، لەدوای بڕیارەکەی ترەمپ بەدوورخستنەوەی تیلرسۆن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تیلرسۆن ڕێگر بووە لە گۆڕینی ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەشی هەرە زۆری ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەمان ئەو ستافە بوون کە لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان بەڕێوە بردووە، هەربۆیەش دوای ئەوەی بڕیاری دوورخستنەوەی تیلرسۆن درا، ستیف گولدشتاین یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا قسەی لەسەر بڕیارەکەی ترەمپ کردبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ ترەمپ فەرمانی کرد، ئەویش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەجێبهێڵێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، سەرۆک ترەمپ بە تەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هەیکەلەی ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێویستی بەسەرلەنوێ دارشتنەوە هەیە و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دووبارە پێویستی بە دروستکردنەوە هەیە، ئەو کەسەشی کە بۆ جێگرەوەی تیلرسۆن دەستنیشانی کردووە کە مایک پۆمپیۆ سەرۆکی دەزگای CIA وەك لەماوەی کارکردنی لەماوەی ١٤ مانگی رابردوو پیشانیداوە، بەهەمان شێوازی ترەمپ بیردەکاتەوە و هەر لەئێستاوە لە میدیاکانی جیهاندا ناوی لێنراوە (ترەمپی بچووك- Mini-Trump).

### ● کوردستان و عێراق
### لەناو سیاسەتی مینی- ترەمپدا

مایك پۆمپیۆ کە لە ئێستاوە پێی دەڵێن (ترەمپی بچووك یان مینی ترەمپ) لەگەڵ دەستنیشانکردنی لەلایەن ترەمپەوە، بۆچوونەکان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و کۆماری ئیسلامی ئێران وەك یەکەم کاردانەوەی بەرامبەر بە دانانی پەمپێۆ بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەوە بووە کە پەمپێو پێشتر بۆچوونەکان لە بارەگای CIA لە لانگلی ( مەبەست ئەو شوێنەیە کە بارەگای CIAی لێیە) دەشاردەوە و ئێستا بە ئاشکرا لە فوگی بۆتوم (مەبەست ئەو شوێنەیە کە وەزارەتی دەرەوەی لێیە) ئاشکرایان دەکات، ئەم کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە دوژمنی سەرسەختی ئێرانە و هەروەها بە تەواوەتی دژی ڕێککەوتنی ئەتۆمییە کە ساڵی ٢٠١٥ و لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا ئیمزاکراوە بە ڕێککەوتنی (٥+١) ناسراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو سەردەمە کۆتایی هات کە ستافی سیاسەت دروستکەری ئەمریکا بە دۆست و نەیارەکانی ئەمریکایان دەگوت: «سیاسەتی ئەمریکا ئەو سیاسەتەیە کە دامەزراوەکان دروستی دەکەن، نەك قسە ئیستفزازییەکانی سەرۆك.» هەربۆیە لە کۆتایی مانگی مارتەوە کە تیلرسۆن پێش ئەوەی کۆنگرێس بە فەرمی پۆمپیۆ وەك وەزیری دەرەوەی تازەی ئەمریکا پەسەند بکات، ئەو وەزارەتی دەرەوە بەجێدەهێڵێت و دەسەڵاتەکانی دەگوازێتەوە بۆ بریکارەکەی، ئەوا سەرەتاکانی گۆڕانکاریی جددی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەست پێدەکات و، چاوەڕێی ئەوە دەکەین، ئاخۆ قەیس غەزعەلی فەرماندەی میلیشیا وەکیلەکانی حەشدی شەعبی دەتوانێت بە مینی ترەمپیش بڵێت: دەبێت پرسیار بکەین، ئایا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەمژەیە، یان خۆی گەمژە دەکات، کاتێك داوا دەکات میلیشیا وەکیلەکانی حەشدی شەعبی عێراق بەجێ بهێڵن.

بەپێی ئەو شرۆڤە و بۆچوونانەی هەتا ئێستا بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە لەوەزاەتی دەرەوەی ئەمریکا کراوە و چاوەڕێی دەکرێت، هەر دوو پۆستی وەزارەتی بەرگری و راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییش بگرێتەوە، ئەوا مانای ئەوەیە لە کۆتایی مانگی مارتەوە، چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هەیکەلەی ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و کۆتاییهاتنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما روودەدەن، لەوانە:

١- بریت ماککۆرگ کە نوێنەری سەرۆك ئۆباما بوو بۆ شەڕی دژی داعش و ریکس تیلرسۆن لەهەمان پۆستدا هێشتبوویەوە بە بیانووی ئەوەی شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە، چیدیکە مینی ترەمپ ڕێگە نادات، ئەندامێکی پارتی دیموکراتی نوێنەری سەرۆك ترەمپ بێت و درێژە بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ کۆماری ئیسلامی عێراقی شیعەگەرا بدات.

٢- درێژە پێدانی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەلایەن ریکس تیلرسۆنەوە بووە هۆکاری ئەوەی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لە عێراقدا ببێتە دیارییەکی بەلاش بۆ کۆماری ئیسلامی و لە تورکیاشدا بوو بە سەرکەوتنی رووسیا و ئێران و

**لەسەر ئاستی هەردوو حزبی (کۆماری و دیموکراتی) چەند لیژنەیەکی زۆر تایبەتمەند دروست بوون کە بە درێژایی ساڵی ٢٠١٦ خەریکی دارشتنی پرۆپۆزەڵێکی نوێ بوون بۆ سیاسەتی تازەی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر (هیلاری کلینتۆن) یش ببوایە بەسەرۆکی ئەمریکا، ئەوا نەیدەتوانی درێژە بە هەمان سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات**

**هەندێک لە چاودێران بەوجۆرە شرۆڤەی دوورخستنەوەی تیلرسۆن لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن، بەوەی گوایە ئەمە ئەو خەڵاتەیە کە ترەمپ پێشکەشی سەردانەکەی شازادە محەمەد سەلمانی دەکات**

تورکیاش بە ناچاری پشتی لە ناتۆ کرد و بووە هاوپەیمانی رووسیا و ئێران لە کۆبوونەوەکانی سۆچی و ئەستانەدا. لەمەش خراپتر سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش بووە مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل، کە ترەمپ ئەوەی نەشاردۆتەوە ئاسایشی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك ئاسایشی ئەمریکا سەیر دەکرێت، بۆیە لەمەشیاندا مینی ترەمپ دەبێتە گۆچانی دەستی ترەمپ و ئەوەی ترەمپ داوای دەکات، ئەو لەسەر ئەو بنەمایە رەنگرێژی سیاسەتی دەرەوە دەکات، وەك ئێرانیش لەوەسفی پۆمپیو ئاماژەی پێکردووە، پلان و نەخشەکانی CIA دەگوازێتەوە بۆ ناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەم گواستنەوەیەش پێویستی بە ستافێکی تازەیە کە وەك ترەمپ بیر بکەنەوە، نەك درێژە بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بدەن.

٣- هێڵە گشتییەکانی ئەو سیاسەتە پرۆپۆزەڵەی بۆ ئیدارەی ترەمپ ئامادەکراوە و لەماوەی ساڵی رابردوو کاری پێنەکراوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەنگاوی یەکەمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت لەوەوە دەست پێبکات کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەست بکەن بەهێزن بەرامبەر نەیارەکانی خۆیان و نەیارەکانی ئەمریکا، بەڵام درێژە پێدانی سیاسەتی ئۆباما نەك هەر وایکردووە، دوو هاوپەیمانی گرنگی ئەمریکا وەك (کوردستان و سعودیە) لەناو هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەست بە شکست بکەن، بەڵکو بۆتە هۆکاری ئەوەی کێشەی (سعودیە و کوردستان) زیاتر لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا بێت، بۆ نموونە کێشەی سەرەکیی سعودیە لەگەڵ دوو هاوپەیمانی دیکەی ئەمریکایە کە (قەتەر و تورکیا)ن، هەروەها کێشەی سەرەکیی کوردستانیش لەگەڵ دوو هاوپەیمانی دیکەی ئەمریکایە کە بریتین لە (تورکیا و حکومەتەکەی عەبادی)، هەر بۆیە کاری سەرەکی و سەرەتایی مینی ترەمپ دەبێت ئەوە بێت کە جۆرێك لە ئاشتی و پێکەوەژیان لە نێوان (دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا) لەناوچەکە دروست ببێتەوە، هەروەها دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەریەکەیان هێزێك بن بۆ ئەوی دیکەیان، نەك هاوپەیمانەکانی ئەمریکا یەك پشتی ئەوی دیکە بشکێنێت و سەرەنجامیش دوژمن و نەیارەکانی ئەمریکا بەهێزتر بن.

٤- مامەڵەی خراپی ستافە کۆنەکەی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، پێچەوانەی ئەو سیاسەتە پێشنیارکراوانەیە کە بۆ ئیدارەی ئەمریکا دوای ئیدارەی ئۆباما ئامادەکراون، لەو سیاسەتە پێشنیارکراوانەدا بەمجۆرە باسی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق کراوە:

ا- لە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە قۆناخی پۆست داعشدا، ئەمریکا بایەخ بە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دەدات و هەرێمی کورستان تێکەڵاوی ئەو پرۆسەیە ناکات، پاش ئەوەی پرۆسەی سیاسی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننە رێکدەخرێتەوە، ئەوجا بە میکانیزمێکی گونجاو پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق رێکدەخرێتەوە، بەڵام درێژەدان بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما و ئاستەنگ دروستکردن بۆ سیاسەتی تازەی ئیدارەی ترەمپ، بووە هۆکاری ئەوەی کە باشترین دۆستی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ( کوردستانە) بکرێتە قوربانی و بخرێتەوە ژێر رکێفی حوکمڕانی شیعەگەرایی عێراقەوە.

ب- لەو سیاسەتە پێشنیارکراوانەدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەگەر کوردستان تێکەڵی رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق نەکرێتەوە، ئەوا عەرەبی شیعە و سوننە باشتر و ئاسانتر رێکدەکەون، هەروەها لەبەر ئەوەی هەردوولایان عەرەبن، ئەوا دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی هۆموجینی ئەوتۆ دروست بکرێت کە بتوانرێت پرۆسەی سیاسی تێدا رێکبخرێتەوە و لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی بهێنرێنە دەرەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە سەر نەگرێت، هەڵەی درێژدەدان بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما، عێراقی پۆست داعشی کردە دیاری بۆ ئێران و رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی بوونی نەما.

ئەگەر لەسەرینی ئەم دوو خاڵە گرنگەوە هەڵسەنگاندن بۆ بڕیاری ریفراندۆمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین بڕیاری ریفراندۆم نەك هەر بڕیارێکی دروست بووە بۆ دیاریکردنی ئایندەی کوردستان، بەڵکو بڕیارێك بووە بۆ دووبارە گێڕانەوەی شکۆی سیاسەتی ئەمریکا و دووبارە

**ئەگەر پەرەپێدانی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێران نزیکەی ٧-١٠ ساڵی دیکەی بوێت، هەتا ئێران دەگاتە ئەوەی ئەو توانایەی بۆ دروست بێت کە چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەوا سعودیە بە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەوانەیە بۆمبی ئەتۆمی بە دیاری بۆ بەرن، ئەم بۆچوونە لە خودی قسەکانی شازادە محەمەد سەلمان دەخوێندرێتەوە**

**دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق کە خۆیان وەک هاوپەیمان و هاوبەشی سەرەکیی ئەمریکا لەناوچەکە پیشاندەدەن، بەڵام بەکردەوەش نەک هەر هاوکار و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، بەڵکو ئێستا عێراق بە کردەوە بووەتە دەوڵەتێکی ئینتدابی ئێرانی و وەک وەزیری بەرگری ئەمریکاش لەچەند رۆژی رابردوو ئاماژەی پێکرد، کاریگەری ئێران گەیشتۆتە ئاستێک کە خەریکە ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەگۆڕێت**



ڕێکخستنەوەی عێراق لە قۆناخی پۆست داعش و ڕیگرتن بووە لەوەی سیاسەتی مەزهەبگەرایی دیکتاتۆری لە عێراقدا دروست بێت.

لە قۆناخی داهاتوودا و کاتێك مینی ترەمپ ( پۆمپیۆ ) بە فەرمی دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەولەوییەتی کارەکانی دەبێتە ئەوەی چۆن جارێکی دیکە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا بەهێز بکاتەوە و چۆن هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا بکاتەوە بە پشت و پەنای یەکتری و هێزێك لەبەرامبەر نەیارانی ئەمریکادا، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوا ئەو عێراقەی ئێستا حەیدەر عەبادی حوکمڕانی دەکات و گرەوی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەوە بوو لە هەڵبژاردنی ئایاری داهاتوو دەربچێتەوە و هەر ئەو سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق بێت، ئەوا لەبەرامبەر مینی ترەمپ، خۆی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە، ئایا عێراق هاوپەیمان و شەریکی ڕاستەقینەی ئەمریکایە، یان لەژێر ئینتیدابی دەوڵەتی ئێراندایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کە هەر دەبێت حکومەتی بەغدا بە ڕاستگۆیی وەڵامی ترەمپ و مینی ترەمپ بداتەوە، زۆر بنەمای سەرەکی لە سیاسەتی عێراقیدا دەگۆڕێت و پرۆسەی سیاسیش لە عێراقدا ئاراستەیەکی دیکە دەگرێت، بەڵام بە هەر شێوازێکی ئەرێنی، یان نەرێنی حکومەتی بەغدا وەڵامی سیاسەتی تازەی ئەمریکا بەرامبەر عێراق بداتەوە، ئەوا پێگەی سیاسی و ستراتیژیی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، یان دەبێت عێراق ببێتە ئەو عێراقەی کە ئەمریکا زیاتر لە ٣ ترلیۆن دۆلار و زیاتر لە ٥٠٠٠ سەربازی لە پێناودا کردووە بە قوربانی و بەدەیان هەزار برینداری لە پێناودا داوە، ئەمەش واتە ببێتەوە بەو عێراقەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر بنەمای سازان و پێکەوەژیان دەستووری بۆ دانراوە، یاخود دەبێت کوردستان لەدەستی ئەو حکومەتە شیعەی مەزهەبگەرایە ڕزگار بکرێت، کە نەك ئاشتی و سەقامگیریی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکو ئاشتی و سەقامگیریی تەواوی ناوچەکەش دەخاتە مەترسییەوە، هەروەك چۆن لەدوای داگیرکردنەوەی کوردستانەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وە بۆتە ئەو پردەی هیلالی شیعی تەواوکردووە و تاران و باشووری لوبنانی پێکەوە بەستۆتەوە.

**تورکیا لەلایەک خۆی بە ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنێت، لەملاشەوە لەسەر پرسی کورد و چارەنووسی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆتە دۆست و هاوپەیمانی ڕووسیا و ئێران، کە ئەمریکا هەردووکیان وەک نەیار و دوژمنی خۆی سەیر دەکات**



### خۆشەوی خەلیل بارزانی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# حکومەتەکەی عەبادی دەستوور و یەکپارچەیی عێراقی کردۆتە بەهانەیەک بۆ لەناوبردنی پرەنسیپەکانی هاوبەشی و فیدراڵییەت

عێراق بەو ئەقڵییەتە شۆڤێنییە بەڕێوە ناچێت کە بڕوای بە هاوبەشی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی نەبێت و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی پرەنسیپی زۆرینە لەسەر حیسابی گەلی کوردستان، هەر ئەمەشە وایکردووە بە بەردەوام بەغدا بڕیارو یاسای وا دەربکات کە دژی هەرێمی کوردستانە، تێپەڕاندنی بودجە بێ گوێدانە خواست و داواکارییەکانی کوردو بەکارهێنانی مووچە وەکو موزایەدەیەکی سیاسی و دەست پێکردنەوەی پرۆسەی تەعریب هەمووی زەنگێکی مەترسیدارە و پێویستی بە هەڵوەستەی جددی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو چەند بابەتێکی پەیوەندار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خۆشەوی خەلیل بارزانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** دوای تێپەڕاندنی بودجەو کەمکردنەوەی پشکی کورد لە پڕۆژە یاساکەداو جێبەجێکردنی پرەنسیپی زۆرینە لەسەر حیسابی پێکهاتەی کورد؛ ئایا ئەمە هەڵوەشانەوەی ئەو عێراقە نییە کە لەسەر بنەمای هاوبەشی و فیدراڵی و دیموکراتی دامەزراوە؟**

- لەماوەی سێ کابینەدا کە حزبی دەعوە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەڕێوە دەبات؛ هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بووە کە زۆرینە بەدەست بهێنن و بە زۆرینەش لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی تر عێراق بەڕێوە ببەن، بەتایبەتی تێپەڕاندنی هەموو یاساو پڕۆژەیەك لە پەرلەمانی عێراق کە لە قازانجی ئەواندا بێت، تەنانەت هەروەکو بینیمان سەرۆکایەتی کۆمار یاساکەی پەسەند نەکردو رایگەیاند کە زیاتر لە ٣١ خاڵ تێیدا ناکۆکە لەگەڵ دەستوور، هەر بۆیە بیرکردنەوەی تاکڕەوانە و شۆڤێنییانە هەمان بیرکردنەوەی حزبی بەعسە بە ئامانج و شێوازێکی جیا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سڕینەوەی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانە کە مافی گەلان لەسەری دامەزراوە، بەتایبەتی لە عێراقێکدا کە بە درێژایی دامەزراندنی ئەم وڵاتە گەلان و پێکهاتەکان لە ژێر زەبر و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتییان دوچاری زوڵم و کۆمەڵکوژی بوون. ئەوەی لەناو پەرلەمانی عێراقدا روودەدات، پەراوێزخستنی هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی ترە، پێشێلکردنی مادده دەستووری و یاساییەکانیشە، بەتایبەتی بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە بەپێی دەستوور دانی بە مافی هەرێمایەتی و فیدراڵییەتدا ناوە، ئیتر چۆن دەبێت بێگوێدانە ئەم مافە پێشێلی بڕگە و مادده دەستوورییەکان بکرێت و بودجە و مووچەی خەڵکی ببڕدرێت و داواشمان لێبکرێت لە چوارچێوەی ئەو عێراقەدا بمێنینەوە کە ناسنامە نەتەوەییەکەمان دەسڕێتەوە.

*** سەرەڕای هەموو ئەو داواکارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی کە جەختیان لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان دەکردەوە، کەچی عێراقی شیعی لەسەر سزادان و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان بەردەوامە؛ تەنانەت عەبادی هەڕەشە دەکات و دەڵێت: مافی کەس نییە بودجەی گشتی رەت بکاتەوە؛ ئایا ئێوە وەکو نوێنەرانی کورد لەبەغدا دواهەڵوێستان چییە؟**

- واقیعی نوێی عێراق بەرەو تاکڕەوی و مەرکەزییەت و سڕینەوەی فیدراڵیەت و بنەمای پێکەوەژیانی نێوان کوردو عەرەب دەچێت، ئەم وڵاتە تەنیا بە ویستێکی شۆڤێنییانە و عەقڵییەتێکی رق و کینە بەڕێوەناچێت، بەڵکو ئەجندەی وڵاتانی دراوسێشی لەسەرە، هەربۆیە باوەڕ ناکەم ئەگەر هەوڵێکی جددیی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە نەدرێت، مومکین نییە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە عەقڵیەتی سڕینەوەی ئەوی تر و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان کۆتایی پێ بێت، چونکە هەموو ئاماژەکان و رەفتارو کردەوەکانیان بەپێچەوانەی قسەو لێدوانەکانیان بەو ئاراستەیە دەچێت کە زیاتر بخزێنە ناو عەقڵییەتی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنی و موخابەراتی، تەنانەت کار لەسەر تێکدانی یەکڕیزی نێوماڵی کورد دەکەن، هەروەکو چۆن رژێمی بەعس لێرەو لەوێ حزب و چەند کەسایەتییەکی خۆفرۆشی رازی دەکردو بە پارەیەکی کەم دەیکڕینەوە، ئێستاکەش بەهەمان شێوە چەند پۆست و وەزیرێکی کورد بە رووکەشی لەناو حکومەتەکە دادەنێن، بۆ ئەوەی بە دنیا بڵێن ئەوەتا کوردیش لە پرۆسەی سیاسی بەشدارە و کێشەو گرفتەکان ناوخۆیین و ئەوەندە گەورە نین تا پێویست بەدەستێوەردانی دەرەکی بکات، باشە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی شەڕی داعشدا چەند وەزیرو بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و پۆستی جۆراوجۆر لەکورد وەرگیرایەوە؟ ئایا رێژەی کورد لە جومگە هەستیارەکانی عێراقدا لە ناوخۆ و کەرتی پێترۆڵ و وەزارەتی دەرەوە و بانکی ناوەندی چەندە؟ سەدان پێشێلکاریی جۆراوجۆر لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان کراوەو بە گەلەکۆمەکی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی کەرکووك و بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام لەکورد سەندنراوەتەوە، ئەمەش هەمووی بەئاشکرا و لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕێوەچووە.

*** کەواتە ئەگەری پێدانی مووچەیەك دوای ٤ مانگ و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان بەس نییە بۆ ئەوەی ئومێدێك بە دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا دروست بێت. ئایا زەمانەت چییە کە هەرچی سزاو گەمارۆ هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێت، یاخود دووبارە بە ئارەزووی تاکە کەسێك ناسەپێندرێتەوە؟**

- سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەوانەی لە ٢٠٠٣ لە بونیادنانی عێراقدا بەشدار بوون، هەر لە نووسینەوەی دەستوور و دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم و هەڵبژاردنەکان، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی

**جەنابی سەرۆک بارزانی تاکە ئومێدو هیوای گەلی کوردە بۆ دەربازبوون لەو هەموو سزاو گەمارۆ و دژایەتیکردنەی عەبادی و رووبەڕووبوونەوەی تەعریب و کۆمەڵکوژی هەر بەم سەرکردە نەتەوەییە دەکرێت**

**جێگای داخە دوای تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردو ئاوارەبوون و داگیرکردنی کەرکووک کەسانێک لەکوردستان هەبن باوەڕ بە قسەکانی عەبادی بکەن و پڕوپاگەندەی بۆ بکەن**

**ئەوەی پێگەی کوردی لە بەغدا لاواز کردووە، نەبوونی یەکڕیزی و یەکدەنگییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لای هەندێک لە حزبە کوردستانییەکان**

**لە فەرەنسا و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگرە تا زۆربەی رێکخراوە مرۆییەکان باس لەو گەمارۆ و سزادانەی خەڵکی کوردستان دەکەن و داوا لەعەبادی دەکەن کۆتایی بە مەینەتەییەکانی نەتەوەی کورد بهێنێت، کەچی ئەو هەر لەسەر ملهوڕی و لووتبەرزیی خۆی بەردەوامە**

**تێپەڕاندنی بودجە بێ گوێدانە ماف و داواکارییەکانی کوردستان سەلماندی کە حکومەتەکەی عەبادی نایەوێت کێشەو گرفتەکانی کورد بەپێی دەستوور و یاسا چارەسەر بکات**

**هەرگیز لە شارێکی داگیرکراوی وەکو کەرکووک و لەژێر زەبر و فشاری عەسکەرتاریەت و حەشدی شەعبی هەڵبژاردنێکی پاک و راستەقینە بەڕێوەناچێت**

**لە پەرلەمانێکدا کە پرەنسیپی پێکەوەژیان و هاوبەشی نێوان کوردو عەرەبی تێدا نەمابێت، هیچ ناکرێت چونکە دەرئەنجام هەرچی بڕیار و یاسا و پڕۆژەیەک لەدژی کورد بێت، ئەوە تێدەپەڕێندرێت**

کە ئەو عێراقەی کورد تێیدا بەشداربوو لەسەر بنەمای (هاوبەشی- فیدراڵییەت- دیموکراتی) کۆتایی هاتووەو بەرەو تاکڕەویی و مەزهەبگەرایی و شۆڤێنی دەچێت، هەر بۆیە لەهەنگاوێکی مێژوویيدا بە رێبەرایەتی سەرۆك بارزانی گەلی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری سەربەخۆییان دا، ریفراندۆم دەرئەنجامێکی ئاسایی و سروشتی ئەو واقیعە تاڵەیە کە لە عێراقدا هەیە، ئەوەتا تازە بە تازە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان پرۆسەی تەعریب و سووتاندن و تەقاندنەوە و تاڵانکردنی ماڵی کورد ئەنجام دەدرێت، ئەوە ئەوانن نایانەوێت کورد هاوبەشیان بێت و پێکەوە لەعێراقێکدا جێگامان ببێتەوە، ئەوە ئەوانن کورد وەکو هاووڵاتی دەرەجە یەك سەیر ناکەن، ئەوەی ئێستاش دەیبینین پرسی کوردیان تەنیا لە کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەدەم گەشتە نێودەوڵەتییەکان و ئەگەری ناردنی یەك دوو مووچەی وەزارەتەکان بچووك کردۆتەوە، ئەمە لە فرت و فێڵ و تەکتیکێکی بەغدا زیاتر دژ بە خنکاندنی گەلی کوردستان هیچی تر نییە، باشە ئەگەر مووچەیەکیش بنێرێت، کێ زامنی بەردەوامبوونی دەکات ئەوەتا چوار مانگە مووچەی خەڵکی کوردستان وەکو گەمەیەکی سیاسی بەکار دەهێنرێت و هەموو تاکێکی کورد متمانەی بە بەڵێنەکانی عەبادی نەماوە، باشە بڕیاری کردنەوەی فڕۆکەخانەکانیش بەرامبەر بڕین و کەمکردنەوەی بودجە و قووتی خەڵك و تەعریبکردنی کەرکووك و دەرکردن و تاڵانکردنی ماڵی کورد، چ بەهایەکی دەمێنێت؟

*** ئاماژەت بە پرۆسەی تەعریب کرد، کە لە رووی کردەییەوە بەسەدان خێزانی کورد لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەرکراون و عەرەبی هاوردە دەهێنرێنەوە و لە رێگەی ترس و تۆقان و رفاندنەوە، ئەگەری دەرکردنی هەموو کوردێك هەیە، ئایا ئێوە لە پەرلەمانی عێراق هیچ دەسەڵاتێکتان هەیە سنوورێك بۆ ئەم پێشێلکارییانە دابنێن؟**

- ئەوەی ئێستا لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە روودەدات چاوەڕوانکراوە، چونکە ئەو ناوچانە بەدەست پارێزگار و عەسکەرتاریەتێك بەڕێوەدەچێت کە خەڵکی کەرکووك نین و دوژمنی گەلی کوردستانن و خۆیان سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تەعریب و کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان دەکەن، ئەوانەی هاوکاریشیان بوون نەیانتوانیوە لەسەر بارەگاکانیان ئاڵایەکی کوردستان دابنێن، ئەوەتا لە چەندین گوندو ناوچە لە دەوروبەری کەرکووك داگیرکردنی زەوی و زاری کوردەکان دەستی پێکردۆتەوە، لە نزیك پردێ لەو ناوچانەی کە لە مێژووەوە جێی کورد بووە و جگە لەچەند عەرەبێکی هاوردە کە لەسەردەمی رژێمی بەعس بۆ پاراستنی بیرە نەوتەکان خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، ئێستا هان دەدرێن و دەیانگەڕێننەوە و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان تێك دەدەن، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵ بە بیانووی گەڕان بەدوای تیرۆرستانی داعش ئازاری گوندنشینەکانی کورد دەدەن و بە تۆپ و فڕۆکە ناوچەکە بۆردومان دەکەن، تاوەکو بێزاریان بکەن و ناوچەکانیان چۆڵ بکەن، هەر بۆیە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی تەعریب بە بەرنامەو نەخشەی تۆکمە دەکرێت و ئەمجارە نەك دژایەتیکردنی کورد تەنیا لەبەر نەتەوەکەی بێت، بەڵکو لەبەر مەزهەبەکەشیەتی، ئێمەش وەکو نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەناو پەرلەمان لەسەر بودجە و پرۆسەی تەعریب و ئەو کۆمەڵکوژییەی لە دوزخورماتوو روویدا، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بووین، بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا لە پەرلەمانێکدا کە پرەنسیپی پێکەوەژیان و هاوبەشی نێوان کوردو عەرەبی تێدا نەمابێت، هیچ ناکرێت چونکە دەرئەنجام هەرچی بڕیار و یاسا و پڕۆژەیەك لەدژی کورد بێت، ئەوە تێدەپەڕێندرێت، رەنگە بەهۆی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە جار جارە عەبادی ناچار بێت لەو پڕۆژەو بەرنامەیەی بۆ تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکان دایڕشتووە، هەنگاوەکانی هێواش بکاتەوە، بەڵام مادام ئەوان لەبەغدا وەکو ستراتیژییەت سەیری تەعریب دەکەن، هەر بۆیە ئەمڕۆ نەك تەنیا مەترسی لەسەر کوردی کەرکووك هەیە، بەڵکو مەترسی لەسەر بوونی کورد لە عێراقدا هەیە بە هاوشێوەی پێکهاتەی کریستیانی کە لە چەند سەد هەزار کەسێك زیاتر هیچی تر لەعێراقدا نەماوە.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەرکووك بووەتە زیندانێکی گەورە و دیاردەی عەسکەرتاریەت و حەشدی شەعبی بەسەریەوە دیارە، کەچی هێشتا حزبە کوردستانییەکان نوێنەرانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لەم شارەدا هەیە، ئایا دەکرێت لە دۆخێکی وادا هەڵبژاردنێکی پاك و ئاسایی لە کەرکووك بەڕێوەبچێت؟**

- نەخێر، هەرگیز لە شارێکی داگیرکراوی وەکو

کەرکووک و لەژێر زەبر و فشاری عەسکەرتاریەت و حەشدی شەعبی هەڵبژاردنێکی پاک و راستەقینە بەرێوەناچێت، چۆن لە شارێکدا هەڵبژاردن دەکرێت کە هێشتا بارەگای پارتە کوردستانییەکان داگیرکراوەو کادیرو لایەنگرانیان ئاوارەن؟ ئەوانەی ئیدعای ئەوەش دەکەن لەو شارەدان، تەنانەت ناتوانن ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە، ئیتر چی بە کەرکووکییەکان دەڵێن بۆ ئەوەی دەنگیان بدەنێ؟ لە کەرکووک تەنیا پارتی نەکەوتۆتە بەر هێرش، بەڵکو هەرچی نیشتمانپەروەرو کەسێکی نەتەوەیی هەیە کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماردان، ئەگەر چەند پارتێکی کوردستانیش لەو شارەدا کۆبوونەوەو بەیاننامەو داواکارییان لەدژی پرۆسەی تەعریب و ئەو پێشێلکارییانە دەرکرد، باشە ئەمە چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟

*** زۆرجار باس لە فشارو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بەشە بودجەی کوردستان و مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە، ئایا تاچەند ئومێد بەم هەوڵانە هەیە؟**

- تێپەڕاندنی بودجە بێ گوێدانە ماف و داواکارییەکانی کوردستان سەلماندی کە حکومەتەکەی عەبادی نایەوێت کێشەو گرفتەکانی کورد بەپێی دەستوور و یاسا چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە حکومەتەکەی عەبادی دەستوور و یەکپارچەیی عێراقی کردۆتە بەهانەیەک بۆ دژایەتیکردنی کوردو لەناوبردنی فیدراڵییەت، ئەمەش بەفیتی وڵاتانی دەوروبەر بەرێوەدەچێت، ئەگینا ئەوەتا هەر لە فەرەنسا و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگرە تا زۆربەی رێکخراوە مرۆییەکان باس لەو گەمارۆ و سزادانەی خەڵکی کوردستان دەکەن و داوا لەعەبادی دەکەن کۆتایی بە مەینەتییەکانی نەتەوەی کورد بهێنێت، کەچی ئەو هەر لەسەر ملهوڕی و لووتبەرزیی خۆی بەردەوامە.

*** لەکاتێکدا ئێوەی نوێنەرانی کورد لە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەم راستییە دەزانن، ئایا حزبەکانی خۆتان ئاگادار کردۆتەوە؟ واتە لە کاتێکدا ئەم راستییەتان ناردیێت، ئەی بۆچی لەناوخۆی کوردستاندا بڕیاری کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق نادرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان نادرێت؟**

- زوڵم و پێشێلکارییەکانی بەغدا نەک لای پەرلەمانتاران، بەڵکو لای هاووڵاتیەکی ئاسایی کورد روون و بەرچاوە، ئەوەی پێگەی کوردی لە بەغدا لاواز کردووە، نەبوونی یەکڕیزی و یەکدەنگییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لای هەندێك لە حزبە کوردستانییەکان، ئەگینا دوای تێپەڕاندنی بودجە باشترین کاتە بۆ کورد بۆ کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی، کورد بەتەمای چییە لە بەغدا بودجە کەم بکرێتەوەو مووچەی فەرمانبەران بکرێتە کارتێکی سیاسی و لێدوانی رۆژنامەوانی هەفتانە و شایستە داراییەکانی هەرێم بە موستەحەقاتی جووتیارانەوە نانێرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٤وە بڕیاری خەرجکردنی بۆ دراوە، کەچی تا ئێستا پارەیان بۆ نەناردووە. چیتر نابێت رێگە بدرێت کەسانێك لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی گەلی کوردستان بکەنە قوربانی و وردە وردە بمان خنکێنن. جێگای داخە دوای تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردو ئاوارەبوون و داگیرکردنی کەرکووک کەسانێك لە کوردستان هەبن باوەڕ بە قسەکانی عەبادی بکەن و پروپاگەندەی بۆ بکەن، هەر ئەمانەش بوون کە پێگەی کورد لەبەغدا لاواز بوو، چونکە کاتێك حزبەکان بە تەنیاو دوو دوو و سێ سێ سەردانی عەبادی بکەن و قسە لەسەر ناشرینکردنی ئەوی دیکە بکەن، ئەمە خاڵی لاوازی خۆیانە پێش ئەوەی ببێتە خاڵی لاوازی کورد.

*** کەواتە پێویستە چی بکرێت و ئایا رێگاچارە چییە؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی تاکە ئومێدو هیوای گەلی کوردە بۆ دەربازبوون لەو هەموو سزاو گەمارۆ و دژایەتیکردنەی عەبادی و رووبەڕووبوونەوەی تەعریب و کۆمەڵکوژی هەر بەم سەرکردە نەتەوەییە دەکرێت، هەربۆیە دوژمنەکانی کوردو کوردستان زۆرترین هێرشەکانیان بۆسەر ئەم سەرکردەیە بووە، چونکە بە درێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتی هەموو بڕیارو هەنگاوەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بووە، ئەمڕۆش لەهەموو کات زیاتر هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە و کەسایەتی و بەرپرسانەی کە لەیادی راپەڕین باسی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و بەشداریکردنیان دەکرد لە شۆڕشی کورد، پێویستە لەدەوری ئەو سەرکردەیە کۆببنەوەو چیتر ئەوەندە پەرتەوازەیی و پارچە پارچە نەبن، بەپێچەوانەوە کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز لەسەر حیسابی رۆڵەکانی کورد ئەوەندەی تر پێگەمان لەبەغدا لاواز دەکەن.

**پرسی کوردیان تەنیا لە کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەدەم گەشتە نێودەوڵەتییەکان و ئەگەری ناردنی یەک دوو مووچەی وەزارەتەکان بچووک کردۆتەوە، ئەمە لە فرت و فێڵ و تەکتیکێکی بەغدا زیاتر دژ بە خنکاندنی گەلی کوردستان هیچی تر نییە**

**ریفراندۆم دەرئەنجامێکی ئاسایی و سروشتی ئەو واقیعە تاڵەیە کە لە عێراقدا هەیە، ئەوەتا تازە بە تازە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان پرۆسەی تەعریب و سووتاندن و تەقاندنەوە و تاڵانکردنی ماڵی کورد ئەنجام دەدرێت**

**واقیعی نوێی عێراق بەرەو تاکڕەوی و مەرکەزییەت و سڕینەوەی فیدراڵیەت و بنەمای پێکەوەژیانی نێوان کوردو عەرەب دەچێت**

**چۆن دەبێت بێگوێدانە ئەم مافە پێشێلی بڕگە و ماددە دەستوورییەکان بکرێت و بودجە و مووچەی خەڵکی ببردرێت و داواشمان لێبکرێت لەچوارچێوەی ئەو عێراقەدا بمێنینەوە کە ناسنامە نەتەوەییەکەمان دەسڕێتەوە؟**

# نەورۆزی کوردو خۆزگەی سەربەخۆیی





# نەورۆزی کوردو خۆزگەی سەربەخۆیی

«ئـەم رۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە
جەژنێکـی کۆنـی کـوردە بەخۆشـی و بەهاتـەوە»
(پیرەمێرد)

ئەحمەد سالار
تایبەت بۆ گوڵان نووسراوە



سـەرەتا سـەبارەت بـە وشـەی (نـەورۆز) تەنیـا مانـای رۆژێکـی نـویێ ناگـەیێنـێ، بەڵکـو گەلێـك واتـای بەریـن و بەرفـراوان لەخـۆی دەگـرێ. ئاسـۆیەکی درەوشـاوە بـە خـۆری ئاواتـی دوورو نزیـك، مزگێنییـە بـۆ هاتنـەدی ئاواتەکانـی گەلەکەمـان. سـەرەتای ئـەم جـەژن و بۆنـە نەتەوایەتییـە، وەك گەلێـك لـە زانایـان و لێکۆڵـەوەرەکان لەسـەری کۆکـن، رەچەڵـەك و نـەژادی بـۆ سـەردەمانی بـەر لـە مێـژوو، واتـە بـەر لـە نووسین دەگەڕێتـەوە، بۆ ئەمـەش پشتئەسـتور بـوون بـەو هێمـا و خەیاڵـە ئەفسانەییانەی کـە خـۆی لـە ئەفسـانەکەدا دەنوێنـێ، واتـە لـە ئەفسانەکەی (کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاك).

بـەلای ژمارەیـەك لـە رۆژهەڵاتناسـانەوە (نـەورۆز) جەژنـی سـەرکەوتنی رەچەڵـەك (ئاریان)ـەکانە، ئەوانـەی لـە ناوچـەی (ئاریـا) دا دەژیـان، هەرچەنـدە ئـەو ناوچەیـە لـە رووی مێژوویـی و جوگرافییـەوە ناتوانـرێ سـنووربەند بکرێـت، هەرچـۆن ئـەو ناوچـە گەلێـك جـار گەلێـك فـراوان بـووە و لەسـەر دەمانێکیشـدا هاتۆتـەوە یـەك. بەهەرحـاڵ لـە رۆژانێکـدا بەرزەبانەکانـی (ئێـران) هەتـا ئـەو دیـو هـەردوو رووبـاری (سـەیحون و جەیحـون) بـووە، کەواتـە وڵاتانـی هەنووکـەی (ئێـران) و (ئەرمەنسـتان) و (ئازەربایجـان) و یـان بـا بڵێیـن، لـەو دەمەدایـە کـە خـۆر لـە تـاوەری (کاوڕ)دایـە، واتـە ئـەو رۆژەیـە کـە زەوی گەڕخواردنـی سـاڵانەی بـە دەوری خـۆردا تـەواو دەکات و سـەرلەنوێ دەسـت بـە خولـی سـاڵی نـوێ دەکات، واتـە ئـەم رۆژە جەژنـی سـەرەتایە بـۆ هەنـگاوی نـوێ و بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە ژیانێکـی نـوێ بکرێـت.

هـەر دەربـارەی (نـەورۆز) لـە کتێبـی (ئاڤیسـتا)دا هاتـووە: «لـە مانگـی فەروەردیـن و لـە رۆژی (هورمـزدار)دا جارێکی دیکە و سـەرلەنوێ (هورمزدار) بـۆ جیهانـی نـوێ رادەسـپێرێت و دەرفەتێکـی چاکـی فـراوان بـە ژیانـی مـرۆڤ رەوا دەفەرمـوێ لەسـەر زەوی، ئیدی ململانـێ لەسـەر خۆراك نامێنـێ، جیهـان پاکـژ دەبـێ و مرۆڤیش لـە کـۆت و رێگرییەکانـی ئـازاد دەبـێ...»

هـەر سـەبارەت بـەم یـادە (تەبـەری) گوتوویەتـی: «ئـەم جەژنـی نـەورۆزە دەگەڕێتـەوە

بۆ یادی ئەو رۆژەی (شا هرمز)ی فارسی سەر تەختی شاهانە لە مانگی (فەروەردین)دا نشین بووە. هەر لە بارەی (نەورۆز)ەوە (ئەلقەزوینی) گوتوویەتی: لە رۆژی نەورۆزدا خوداوەند مردووان زیندوو دەکاتەوە، و فەرمانی باران بارین بەسەریاندا دەدات... (ئەلبەیروتی) لەو بڕوایەدایە (لە رۆژی نەورۆزدا) رۆژی ئەهورمزدا، رۆژی جەژنە و لەو رۆژەدا، (ئەهورمزدا) درووستکردنی جیهان و مرۆڤی تەواو کرد.

(الدیمشقی)یش دەڵێ: پاشا بانگی دا: ئەمە رۆژێکی نوێی مانگێکی نوێی ساڵێکی نوێیە، پێویستە هەموو ئەوەی زەمانە وێرانی کردووە، نۆژەن بکرێتەوە.. (فیردەوسی)یش کە لە دووتۆی (شاهنامە)کەیدا سەربوردەی ئەفسانەکەی بە وردی تۆمارکردووە، هەرچەندە پتر بەلای فارسەکاندا دایشکاندووە، لەو شاهنامە شیعرییە داستانییەدا، بەتایبەت لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە فەرمانڕەوایی (جەمشید) پاشای فارس، دەقەکەی لەبارەی (نەورۆز)ـەوە بە دێرینترین دەق دادەنرێ، ئەم شاعیرە بە وردی سەربوردەی (ئەژدەهاك) و (کاوە) دەگێڕێتەوە: فەرمانڕەوایی (ئەژدەهاك) هەزار ساڵی خایاند، لە دوایین ساڵەکانی فەرمانڕەوایی (جەمشید شا)دا لەدایك بووە، کاتێ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، (ئەهریمەن) واتە شەیتان، یان خودای شەڕ هات بۆلای، کە خۆی بە گەنجێکی شۆخ و خۆشەویست و زیت و زرنگ گۆڕیبوو، پێی گوت: ئەی فریشتەی بەختیار، من خزمەتکارتم، دەستەکانم چابووکی خواردن سازین و دەتوانم بەتامترین خواردنی شاهانەت بۆ لەسەر خوانەکەت دابنێم، پاشا کردیە چێشکەری تایبەتی خۆی، بۆ هەر ژەمە خوانەکە بە هەمەجۆر خواردنی بەتام دەڕازاندەوە، کە ئەو خواردنانە پێشتر تام نەکرابوون و کەس نەیچێشتبوون. پاش چوار پێنج رۆژ (ئەژدهایەك) لە تەختەکەی هاتە خوارەوە بە چێشتکەرەکەی گوت: ئافەرین ئەی چێشتکەرە بە تواناکەم.

(ئەهریمەن)یش خوا خوای دەرفەتێکی ئاوای بوو، کڕنۆشی بۆی برد، پاشان سەری هەڵبڕی و بەو پەڕی شەیتانی و تەڵەکەبازییەوە گوتی: ئەی پادشای بەختەوەری خاوەن هۆش و فام، تەندروستیی باشت ئاواتمە و دڵخۆشیت ئامانجمە، ئاواتمە شانەکانتم بۆ دەرخەی هەتا ماچیان بکەم، (ئەژدەهاك ) بە قسەی کردو (ئەهریمەن ) دوو ماچی شانەکانی کردو لە چاو بزربوو، هەر ئەوەندە و دوومـاری هـارو هـاج لـە سـە رشانەکانی (ئەژدەهاك) لە شوێن ماچەکانی (ئەهریمەن) راست بوونەوە، (ئەژدەهاك) شێتگیر بوو، مار خولانی پێکەوت، لە هەموولایەکەوە حەکیمانی بەتوانایان لێ خڕکردەوە، بەڵام هیچ کامێکیان هیچیان پێ نەکرا، تەواو ژیانی لێ بوو بە دۆزەخ و ئارامیی لە بەر هەڵگیرا.

ئەمجارە (ئەهریمەن)خوی لە بەرگ و روخساری حەکیمێکدا نواند و هات و بە پاسەوانەکانی پاشای گوت: هاتووم چارەسەری پادشامان بکەم. پاشان رێگای پێدراو چووە درباری پادشا.

سەیری مارەکانی سەرشانی کردو چارەی خستەبەر بەردەم پادشا: گەورەم پادشای مەزن، ئەوە چارەکەی هەر ئەوەیە هەر رۆژەو مۆخی سەری دوو گەنجیان دەرخوارد بدرێ، ئەوسا وچان دەدەیت و هەر دوو مارەکەش دەمرن و کۆتاییان پێدێ.

ئیدی رۆژانە جەلادانی پادشا دوو گەنجیان دەکوشت و کار گەیشتە رادەیەك خەریك بوو گەنجان قڕبکرێن. کار لە ئەندازە بەدەربوو، شەوێکیان (ئەژدەهاك) خەونێکی هێندە ترسناکی بینی، بووە مۆتەکەی تۆقێنەر و سینەتاسێنی بۆ بەیانی داواکرد، ئەستێرەناسان و خەون لێکدەرەوەکانی وڵات ئامادەبن، بۆیان لێکدایەوە بەدەستی کوڕێك دەکوژرێ، تەخت و تاجی نامێنێ، کە (فەرەیدوون) ی ناو دەبێ.

ئیدی پاشا فەرمان دەدات هەر منداڵێ گەنجی بەو ناوەوە بێ، بیکوژن، لەو دەمەدا (فەرەیدوون) منداڵێکی گچکە دەبێ و سەری لەم کێشەیە دەرناچێ، دایکەکەی پەلی (فەرەیدوون)ی منداڵ دەگرێ و دیباتە لای باخەوانێك کە داڵدەی دەدات، پاش ماوەیەك شوێنەکەی ئاشکرا دەبێ، ناچار دایکە بەرەو چیای (ئەلبرز)ی دەبات، هەتا دوورەدەست بێ، ساڵان رادەبوورێ و دەبێتە گەنجێکی بەهێز و پتەو، کاتێك دەزانێ بابی کوژراوە، ئیتر گرژ دەبێ و بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی باوکی و سەدان گەنجی بێتاوان دەدات و سەدان کەس کوژراوی داخ لە دڵ کۆمەکی دەکەن، پادشاش گشت هێزی خۆی دەخاتەگەڕ، لەو کاتانەدا (کاوە) ی ئاسنگەری رۆڵە کوژراویش چەکوشەکەی سەر نەرەی شانی دەنێ و بەر کۆشەکەش هەر چۆن ئاڵاو پەرچەم خۆی دەکات بە کۆشکار بە سەر پادشادا دەنەڕێنێ و ئاگری لێ دەبارێ و بە چەکوشی تۆڵەسێنی سەری (ئەژدەهاك) و

مارەکانی پان دەکاتەوە. بەم شێوەیە سەربوردە و سەرکەوتنی گەل نەخشە دەکێشێ و ئەوسا ئاگر لەسەر بەرزایی و دۆندی چیاکان دەکرێتەوەو یەکەم هەنگاوی راگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشە بە تیشکی ئاگرەکە رادەگەێنرێ.

هەر لەسەر ئەم بۆچوونەی (فیردەوسی)، کە ئەو لە بری (ئەژدەهاك) (زوحاك - الضحاك) داناوە بەو مەبەستەی ئەو پاشا زۆردارە عەرەب بووبێ، بەڵام وەك دەزانرێ هیچ کاتێ و بەتایبەتی بەر لە هاتنی ئیسلام هیچ پادشاو فەرمانڕەوایەکی عەرەب لەو ناوچەیەی (ئاریا) نەبووەو نەبیستراوە، لەهەمان کاتدا لێی ناگیرێ، چونکە (فیردەوسی) شاعیر بووە، نەك مێژوونووس، لەبەر ئەوە وای بۆچووە، ئەوە مافی خۆیەتی، هەر چۆن بەپێی بۆچوونە فارسییەکەی، پتر بەلای فورسدا دەیشکێنێتەوە و زیاتر کوردی خاوەن شۆڕشەکە بە لاو پەراوێزەوە دەنێ. بەهۆی مەزنیی ئەم شۆڕش و رۆژەوە، لەسەر ئاستی گەلانی ئاری و جگە لە ئاریش، کراوەتە بابەتی ئەدەبی و بەتایبەتی شیعر و شانۆ...

هەر لەسەر کوردیەتی نەورۆز، لە ناوچەی لۆڕەکان لە چیاکانی (پشت کۆ)، کە هێندە کاریگەری زمانەکانی دیکەی لەسەر نەبووە، لە بری وشەی (نەورۆز)، (نەوڕۆژ) بەکار دەهێنێت، واتا لە (روز) فارسییەکەوە دوورە و پوخت کوردییە.

سەرانسەری (کوردستان) و (تاجیکستان) و (ئەزبەکستان).

بەلای مێژوونووسانەوە ئەو گەلانە، کە ئاری رەگەزبوون، حەوت جەژنی سەرەکی کۆی دەکردنەوە، بریتی بوون لەمانە: نەورۆز، میهرەگان، سەدە، تیرەگان، پەروەردگان، کۆسەر، بەهمەن .

وەنەبێ ئەم جەژنی نەوزۆزە تەنها تایبەت بە گەلێکیان بووبێ، بەڵکو هەمووانی لەخۆ گرتووە، بۆیە چەندین گەل بە جەژنی پیرۆز و سەرکەوتن و خۆشیی خۆی دەزانی، لە هەموو روویەکیشەوە، جەژنی سەرکەوتنی گەلە بەسەر ستەمکاری و کۆتاییهێنانە بە چەوسانەوە. کەواتە بۆمان هەیە شانازی بە جەژنێکی ئاواوە بکەین کە بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە دەستەملانێکی ئەوپەڕی مرۆڤایەتیمان لە تەك ئەو گەلانەدا پێدەکات. نەك هەر ئەو گەلانە پەیوەستی ئەم جەژنەن، بەڵکو گەلانی دیکەی وەك (سریان و کلدان)یش..

جگە لەوانە سەبارەت بە رۆژی (نەورۆز) رێك دەکەوێتە یەکەم رۆژی مانگی (فەروەردین)ـەوە، یەکەم رۆژی ساڵی نوێیە و گۆڕانکاری لە کەشوهەوا و سروشت بە گشتی روودەدات.یەکەم رۆژی بەهارە.

یادی نەورۆز، یان سازکردنی جەژنی نەورۆز، هاوتاو هاوهەنگاو بووە لەگەڵ بووژاندنەوە و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتیدا، هەر بۆیە (پیرەمێرد)ی شاعیر ساڵانە بە جۆش و خرۆشەوە ئاهەنگی نەورۆزی لە گردی (مامەیارە) لە



سلێمانی دەگێڕا، هەرچەندە هەمیشە حکومەتە رەگەزپەرستەکان دژی دەوەستان، هەر بەو بۆنەیەوە، رۆژی دار و درەختیان لە هەمان رۆژدا دانابوو، هەندێ ساڵ کەسانی وەك خوالێخۆشبوو (عوسمان دانش) و هەڤاڵانی دەچوونە گۆیژە و ئاگرەکەیان دەکردەوە و خوالێخۆشبوو کاك(محێدین چنارەیی) بەهەموو شێوەیەك کۆمەکی دەکردن.

زۆرجار حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەك (حیزبی هیوا) و پاشان (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە ئەرکی خۆیان دادەنا، چونکە هێزی گوڕی بە گیانی کوردایەتی دەدا.

یەکەم جار (ساڵح زەکی ساحێبقەران) سازی کردووە و هەروەها (شێخ سەلامی عازەبانی) و کەسانی دیکە و ساڵانی (١٩٣٠) حزبی (هیوا) لە زۆربەی شارەکاندا ئاهەنگی نەورۆزی گێڕاوە.

ساڵی (١٩٤٥) لە هەولێر لەلایەنی (حیزبی رزگاری)یەوە سازکراوە، پاش رووخانی (فاشیزم) نەورۆز گوڕو تینێکی تری بە خۆیەوە بینی.

هەر سەبارەت بە نەورۆز دەتوانم بڵێم زۆربەی شاعیران شیعریان بۆ گوتووە، وەك شانۆی (زەکی هەناری) و (گۆران) وەك ئۆپەرێت بە ناوی (ئەنجامی ئەژدیهاك)، بەڵام تەنها یەك بەشە، چونکە بڕیار بووە هونەرمەند (قادر دیلان) ئاوازی بۆ دابنێ، دیارە نەلواوە بۆیە (گۆران) تەواوی نەکردووە، هەروەها مامۆستا (جەمال بابان) کە لە ساڵی (١٩٧٠) لە هۆڵی (خولد) لە بەغداد نوێندرا، هەروەها شاعیر (شێرکۆ بێکەس) بە شێوەی شانۆی شیعرئامێز نووسیویەتی. گەلێ نووسەری دیکەش شعریان بۆ نەورۆز نوسیووە و کردووشیانە بەسروودی نەورۆز وەك مامۆستا(ع.ع.شەونم) و مامۆستا(خالید دلێر)جگە لەوەی (محمد علی مەدهۆش)شەش شعری شاکاری بۆ نەورۆز نووسیوە،هەروەها شاعیری گەورە(کامەران موکری) شعری بۆ نووسیوە و دەڵێ:

نەورۆز گوڵاڵەی نایە سەرپەرچەم
نێرگزی ڕشتە دەشت و کەنار چەم

دەمەوێ ئەو هۆکارانە باس بکەم کە بوونەتە هۆی بەکارهێنانی داستانی نەورۆز، یان کاوەی ئاسنگەر بۆ کاری شانۆیی، بریتین لە هەبوونی سەرجەم کەرەستە پێکهێنەرەکانی تێکستی شانۆیی لە ناو ئەو داستانەدا، وەك لای خوارەوە:

یەکەم: توخمی ململانێ کە زۆر بە زەقی خۆی لە دووتۆی سەربووردەکەدا دەنوێنێ، ئەویش ململانێی (خێروشەڕ) واتە ئەهریمەن و ئەهریمزدا، یان نێوان، ئەژدەهاك فەرەیدوون و یان کاوە و ئەژدەهاك، ئەو دژواری و دژایەتییەی سات لە دوای سات بەگوڕتر و کاریگەرتر دەبێ.


دووەم: توخمی فەرمان، یان رووداو کە نەك گێڕانەوە نییە، بەڵکو روودەدات، ئەمەش گرنگترین توخمی شانۆییە، فرمانەکەشی فرمانێکی تەواوە نییە، واتە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیە.

سێیەم: توخمی کارەکتەرو کارەکتەری بەکارو زیندوو بەگشت لایەنەکانی کەسایەتییانەوە، بۆ نموونە: کاوە- ئەژدیهاك یان (زوهاك)، فەریدوون، ئەهریمەن.

چوارەم: توخمی دایلۆگ، واتە گفتوگۆ و دەمەتەقێ لە نێوان کەسایەتییەکاندا.

پێنجەم: گریی و چنین، بەهای ئەو مەرجانەی کە کاری شانۆیی دەیخوازێ.

شەشەم: چیرۆك، واتە سەربووردەکە بەپێی رووداوەکان، کەواتە ئەو سەرجەم توخمانە وەك کەرەسەی سەرەکی و پێویستی بونیادنانی شانۆیی لە بەردەست شانۆنووسدایە.





**بۆعاز ئاتزیلی**
**تایبەتمەند لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# پێدەچێت ململانێی زیاتر نەک هاوکاریکردن لە نێوان هێزە مەزنەکاندا رووبدات

**پرۆفیسۆر بۆعاز ئاتزیلی زانایەکی سیاسی و وانەبێژ و توێژەرە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەرکیز لەسەر پرسی سنوورەکان و کاراکتەرەکە نادەوڵەتییەکان و دەوڵەتی لاواز دەکات. هەروەها گرنگی بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پەیوەندیی نێوان هێزە مەزنەکان و ئەگەرەکانی هاوکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆز و درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکە. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** وەك کەسێکی شارەزا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چۆن لە ڕەوشی ئەم پەیوەندییانە دەڕوانیت لە ئێستادا؟ ئایا جیهان گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی ململانێی نێوان هێزە مەزنەکان و ئایا ئێستا ڕۆژگارێکی دیکەی شەڕی سارد هاتۆتەوەشارا؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە لەم ساتەوەختەدا ئەمە یەکلا بکەیتەوە، چونکە ڕاستە لە ئێستادا ڕکابەری هەیە لە نێوان هێزە گەورەکاندا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە نازانین ئایا ئەم دۆخە درێژە دەکێشێت، یان نا، بۆیە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، ئایا ئیدارەی ئەمریکا لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای بەردەوام دەبێت، یاخود دووبارە سیاسەتێکی ئاسایی و تەقلیدی دەگرێتەوەبەر.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەم ڕووەوە و ڕوون نییە ئەو پەیوەندییانە بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئایا دەرفەتەکانی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزە گەورەکاندا زیاترە، یان ئەگەری بارگرژی و دوژمنایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوانیاندا؟**

- لە ئێستادا پێدەچێت ڕەوشەکە بەرەو ناکۆکی و ململانێ بچێت، نەك هاوکاریکردن و هەماهەنگیکردن. ئێوە لە ڕەوشی سووریا بڕوانن، کە چەندین هێزی دەرەکی دەستتێوەردانیان لەو وڵاتەدا کردووە، وەك ڕووسیا و ئەمریکا و ئێران و تورکیا و ئیسرائیل- کە ئەم دەستتێوەردانانەش گرژی و ململانێی لە نێوان ئەو هێزانەدا دروست کردووە-. کەواتە ڕاستە لە هەندێ پرسی بچووکدا هێزەکان هاوکاری لەگەڵ یەکدا دەکەن، بەڵام ئەوەی لە سووریادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێدەچێت ڕەوشەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و بارگرژی بچێت لە نێوان ئەو هێزانەی دەستتێوەردانیان کردووە، وەك لەوەی بە گیانی هاوکاریکردنی یەکترییەوە هەڵسوکەوت بکەن.

*** بەڵام پێتوانییە هاوکاریی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان پێویستییەکی بنەڕەتی و بەپەلە بێت بۆ هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی ڕەوش ئاڵۆز و قەیراناوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەو شەڕەی کە لە سووریادا ئارادایە؟**

- بێگومان بە بێ بوونی ئاستێك لە هاوڕایی، یان ڕێککەوتن لە نێوان هێزە مەزنەکاندا، ئەوا زۆر زەحمەتە ڕەوشی سووریا یان کێشەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکرێن. کەواتە پێویستە جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکاندا بێتەئاراوە، وەك ئەمریکا و ڕووسیا، بە هەمان شێوە پێویستە ئەو هاوکارییە لە نێوان هێزە هەرێمایەتییەکانیشدا بێتەدی، بەتایبەتی لە نێوان سعودیە و ئێران و تورکیادا.

*** کەواتە پێویستە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی، یان هەرێمایەتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- ئەمە ڕاستە و پێموایە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمە کارێکی کردەنییە و ڕێی تێدەچێت، کە ئەو چوارچێوەیەش زەمینە بسازێنێت بۆ سازشکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتن لە ڕێی ئەنجامدانی گفتوگۆوە. بەڵام کاتێك لە ڕەوشەکە دەڕوانیت،

**ئەگەر تورکیا بە شێوەیەکی واقیعبینانە لە دۆخەکە بڕوانێت ئەوا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە لە بەرژەوەندی تورکیادا دەبێت**

ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە هەوڵەکان بەم ئاراستەیەدا نارۆن.

*** هەر لە پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دەمانەوێت پرسیاری ئەوەتان لێبکەین کە بۆچی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە بە چەشنێکن کە وا دەردەکەوێت قابیلی چارەسەر نەبن؟ ئایا هۆکارە ریشەیی و بنەڕەتییەکانی نائارامی و ناسەقامگیریی ئەم ناوچەیە چین؟**

- من پێموایە بەشێك لە هۆکارە سەرەکی و ریشەییەکان بۆ ناسازیی نێوان سنوورە نێودەوڵەتییەکان و ناسنامەی ئیتنیی خەڵکانی چوارچێوەی ئەو سنوورانە دەگەڕێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە کرۆکیی کێشەکە ئەوەیە کە سیاسەتێك پیادە ناکرێت و ناگیرێتەبەر کە بوار بۆ گوزارشتکردنی ئەو ناسنامانە بڕەخسێنێت و لە هەمان کاتدا رێگە بە گۆڕین و دەستکاریکردنی ئەو سنوورە نێودەوڵەتییانەش نادرێت. ئەمەش دۆخێکی خولقاندووە کە بۆتە هۆی ئەوەی نە ئەو ناسنامانە گەشە بکەن، نە دەوڵەتەکەش سەقامگیر بێت. کە ئەمەش بۆتە سەرچاوە و ریشەی ئەو کێشانە.

*** باشە ئایا هەر ئەمەش هۆکاری دروستبوونی ئەو بزوتنەوانە نییە کە هەوڵی جیابوونەوە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەدەن، وەك کورد و فەلەستینیەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە چارەسەرێکی ئاسان بۆ ئەم کێشانە لە ئارادا نییە. بەڵام لە هەردوو ئەو حاڵەتەی کە ئاماژەتان پێکرد- کورد و فەلەستین- ئەوا پێموایە دەبێت چارەسەرێك بگیرێتەبەر کە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ لەخۆ بگرێت. لە ئێستادا بەهێزترین بەرهەڵستی لە پەیوەندی بە دەستکاریکردنی سنوورەکانەوە لە رێگریکردن لە گۆڕینی سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا چڕ دەبێتەوە. بۆ نموونە دروستبوونی کوردستانێك کە بەشێك لە سنووری هەر یەکە لە سووریا و ئێران و عێراق و تورکیا لەخۆ بگرێت، ئەگەرێکی ناواقیعییە لە ئێستادا. بەڵام پێموایە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە کوردستانی عێراقدا، ئەگەرچی ریفراندۆمی سەربەخۆییش کرا و دانپێدانانی بە دوادا نەهات، جۆرێکە لە چارەسەر. ئەگەرچی پێموایە کە گەورەترین بەرهەڵستکاری ئەم چارەسەرە، جگە لە عێراق، تورکیایە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە ئەگەر تورکیا بە شێوەیەکی واقیعبینانە لە دۆخەکە بڕوانێت ئەوا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە رووی ئەمنییەوە لە بەرژەوەندی تورکیادا دەبێت نەك بە پێچەوانەوە. چونکە ئەو دەوڵەتە هەوڵی فراوانخوازی و بەرفراوانکردنی سنوورەکانی نادات، بە چەشنێك کە ناوچە کوردییەکانی وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە. بەڵام دەبێتە نیشتمانی کورد و هۆکارێکی سەقامگیری لە ناوچەکەدا. هەروەها من پێموایە پێویستە لە کۆتاییدا حاڵەتێکی لەم شێوەیە لە فەلەستینیشدا رووبدات، مەبەستم ئەوەیە دەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەلەستینییەکان دروست بێت، کە مەرج نییە سەرجەم ئەو خاکانە لەخۆ بگرێت کە فەلەستینییەکان بە خاکی خۆیانی دەزانن، بەڵام دەبێتە نیشتمانێك بۆ فەلەستینیەکان و فاکتەرێك بۆ سەقامگیرییەکی درێژخایەن. بەڵام ئەگەر واقیعبینانە لە دۆخەکە بڕوانین، ئەوا ئەمە ئەگەرێکی دوورە لە هەردوو حاڵەتەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە لە مەودای دووردا جۆرێك لە سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێنێتەوە.

*** بەڵام پێتوانییە لە ئێستادا کەمتر بایەخ بە چارەسەرکرنی ئەم کێشانە دەدرێت؟ بۆ نموونە لە ئێستادا هەوڵ و کۆششێکی کەمتر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، دوای ئەوەی بۆ رۆژگارێکی دوورو درێژ کارو کۆششی جددی دەکرا بۆ چارەسەرکردنی؟**

- ئەمە وەسفکردنێکی وردە بۆ بارودۆخەکە، چونکە ئێمە دەبینین کە ئیدارەی ئەمریکا باس لەوە دەکات کە پلانی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا، بەڵام ئەم قسانە تەنیا لە خانەی لێدوانندا ماونەتەوەو نەچوونەتە چوارچێوەی کردارەوە. هەروەها ئێمە نازانین سرووشتی ئەو پلانە چییە، هەروەها ئەگەر ئەو پلانەش رابگەیەنن، ئەوا پێموانییە لایەنەکان رەزامەندی لەسەر بدەن. دواتر ئێمە دەزانین کە دابەشبوون لە نێو فەلەستینییەکاندا هەن و نادڵنیاییەکیش هەیە لەوەی کێ جێی مەحموود عەباس دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا لە ئیسرائیلدا حکومەتێك دەسەڵات بەدەستە

**دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە کوردستانی عێراقدا، ئەگەرچی ریفراندۆمی سەربەخۆییش کرا و دانپێدانانی بە دوادا نەهات، جۆرێکە لە چارەسەر**

**دروستبوونی کوردستانێك کە بەشێك لە سنووری هەر یەکە لە سووریا و ئێران و عێراق و تورکیا لەخۆ بگرێت، ئەگەرێکی ناواقیعییە لە ئێستادا**

کە ئامادەی سازشکردن نییە. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەمریکا فشارێکی گەورەی لەسەر دروست بکات، کە پێموانییە لە سایەی ئیدارەی ئەمریکادا ئەمە رووبدات. کەواتە ئەگەر جۆرێك لە چارەسەریش بۆ ئەم کێشەیە بگیرێتەبەر، ئەوا پێموانییە لە سایەی ئیدارەی ئەمریکادا ئەمە بێتەدی.

*** ئایا پێتوایە لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی پتر خۆی بە دوور دەگرێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- من پێموایە ئەمریکا ناتوانێت خۆی بە دوور بگرێت لەم ناوچەیە. بۆ نموونە ئەمریکا هێزی هەیە لەم ناوچەیەدا، ئەوەتا لە وڵاتی سووریا هێزی جێگیر کردووە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە پەیام و لێدوانی جیاواز لە نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە، واتە سیاسەتێکی یەکگرتوو بەدی ناکەین لەم رووەوە. هەروەها لە ئێستادا ئەوە بەدی ناکەین کە ئەمریکا ستراتیژیەتێکی روون و دیاریکراوی هەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ساتەوەختەدا، ئەوەی هەیە تەنیا تەرکیزیکردنە لەسەر شەڕی داعش و تێکشکاندنی ئەم رێکخراوە.

*** ئێوە کەسێکی وانەبێژن لەبارەی دەوڵەتی لاواز و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕەوە، ئایا چۆن لە واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن لە رووی بوونی دەوڵەتە شکستخواردووەکان و ئایا تا چەند ئەو دەوڵەتانە هۆکاری ئەو شەڕانەن کە لەم ناوچەیەدا روو دەدەن؟**

- راستە دەکرێت ئێمە ئاماژە بە میراتی کۆڵۆنیاڵیزم بکەین و باس لەوە بکەین کە هۆکارەکە هێزە دەرەکییەکانن کە ئەم سنوورە دەستکردانەیان دروست کردووە. واتە هەمیشە ئەو مەیلە هەیە کە ئێمە ئۆباڵی کێشەکان بخەینە ئەستۆی هێزە کۆڵۆنیاڵییەکان، بەڵام ئەوە رۆژگارێکی دوورودرێژە کە کۆتای هاتووە و لە ماوەیەشدا دەوڵەتەکانی ناوچەکە دوودڵ بوون لە گۆڕینی سنوورەکان، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو دەوڵەتانە پێیانوایە ئەو سنوورانە دەستکردن و رەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتووانەکە نین، ئەوا کاتێك دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئەوا دەتوانێت ئەو سنوورانە بگۆڕیت. بۆ نمونە لە میساقی جامیعەی عەرەبیدا هاتووە کە پێویستە سنوورەکان وەك خۆیان بمێننەوە، نەك بگۆڕێن. کێشەکەش ئەوەیە کاتێك پێداگیری لەسەر هێشتنەوەی سنوورەکان وەك خۆیان دەکرێت، ئەوا لە هەمان کاتدا رێز لە کەمینەکانی نێو ئەو سنوورانە ناگیرێت. چونکە ئەگەر بڵێین سنوورەکان دەستکردن، بەڵام ناتوانین بیانگۆڕین لەبەر ئەوەی پێکهاتەی جیاواز لە نێو ئەم وڵاتانەدا، وەك عێراق و سووریا هەن، ئەوا خۆ دەتوانین دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەین، مەبەستم دەوڵەتێکە کە دەرفەت بۆ هەموان بڕەخسێنێت و رێز لە کەمینەکان بگرێت، دەوڵەتێك بێت رێگە نەدات – چ بە کەمینە و چ بە زۆرینە- کە بە بێ کۆت و بەند و سنووربەندی مومارەسەی دەسەڵات بکات، بە پێچەوانەوە دەوڵەتەکە بە لاوازی دەمێنێتەوەو ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی درێژەکێشانی ناکۆکی و ململانێکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئەی پێتوانییە کە لە کاتێکدا شەڕی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەوا ململانێ و بارگرژی دیکە دێنەئاراوە، وەك دەستتێوەردانی سەربازیی تورکیا و وەك خستنەخوارەوەی فڕۆکە جەنگییەکەی ئیسرائیل، ئایا ئەمە ئاماژەی ئەوە نییە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم رۆژگارێکی دوورو درێژی ناسەقامگیری و نائارامیدایە؟**

- من ناڵێم رۆژگارێکی دیکەی ناسەقامگیری، بەڵکو دەڵێم درێژەکێشانی ئەو ناسەقامگیرییەی لە ئارادایە. دواتر راستە لەم ساتەوەختەدا داعش تێکشکاوە، بەڵام دەبینین ئەو بۆشاییەی لە باکوری سووریا دروست بوو، لەگەڵ دەستتێوەردانی سەربازی تورکیا لەو ناوچەیەدا بوونەتە سەرچاوەی ناسەقامگیری. بە هەمان شێوە دەبینین لە باشووری وڵاتەکەدا بارگرژییەکان نێوان ئیسرائیل و سووریا هەڵدەکشێن، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پێدانی چەکەوە بە حزبوڵاوە لەلایەن رژێمی سووریاوە. لەبەر ئەوە پێموانییە کێشەی سووریا- سەرەڕای ئەوەی بەم دواییە رژێمەکەی چەند بەشێکی خاکی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ کردەوە- لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر ببێت. کەواتە راستە ئێمە لەبەردەم رۆژگارێکی دوورو درێژی ناسەقامگیریداین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی رووبدات.

**بەشێک لە هۆکارە سەرەکی و ریشەییەکان بۆ ناسازیی نێوان سنوورە نێودەوڵەتییەکان و ناسنامەی ئیتنی خەڵکانی چوارچێوەی ئەو سنوورانە دەگەڕێتەوە**

**بە بێ بوونی ئاستێک لە هاوڕایی، یان ڕێککەوتن لە نێوان هێزە مەزنەکاندا، ئەوا زۆر زەحمەتە ڕەوشی سووریا یان کێشەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکرێن**



**کامەران کەرکووکی**
**ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:**

# ئەوانەی جڵەوی ئەمنیی کەرکووکیان بەدەستەوەیە خەڵکی شارەکە نین و ناشزانن چی لە شارەکەدا دەگوزەرێت

**لەگەڵ هاتنی جەژنی نەورۆز و یادکردنەوەی رۆژی ئازادکردنی کەرکووك ئەم شارە بەدۆخێکی نائارام و ناسەقامگیردا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر دانیشتووانی شارەکەو سەرجەم پێکهاتەکانی. بۆ تاوتوێکردنی رەوشی ئەم شارە لە رووی ئەمنی و سەقامگیرییەوە، هەروەها بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر دوایین پەرەسەندنەکان لەم رووەوە. چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کامەران کەرکووکی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** تێکچوونی دۆخی ئاسایش و سەقامگیری شاری کەرکووك یەکێکە لە گەورەترینی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لەهەموو پێکهاتەکانی دەکات، بەتایبەتی پێکهاتەی کوردی لەشارەکە کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە رەوشێکی عەسکەرتاریەت باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە، وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك چۆن دەڕوانیتە ئەم دۆخە؟**

- بەپێی زانیارییەکانی من، بارودۆخێکی ناجێگیر و نائارام و ناسەقامگیر باڵی کێشاوە بەسەر شاری کەرکووکدا، چونکە رووداوی کوشتن و رفاندن هەیە و داعش دەستی بە جموجوڵ کردۆتەوە. هەروەها مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیش لە کەرکووك لە بارودۆخێکی باشدا نییە و ئەگەری ئەوە هەیە خۆیان دووچاری تەنگژەیەك بکەن لە کەرکووکدا.

*** باشە هۆکاری هاتنەئارای ئەم دۆخە چییە؟ ئایا بۆ بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەم شارەدا دەگەڕێتەوە؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین هێزێکی شاردراوە هەیە کە خوازیارە دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی دەست بەسەر شاری کەرکوودا بگیرێت. بۆیە لە هەموو لایەکەوە کورد زەرەرمەندە لەو دۆخەی لەم شارەدا دروست بووە.

*** بەڵام خۆ حکومەتی عێراق بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو شارەدا کشاونەتەوە، ئایا ئەمە تا چەند راست و دروستە؟**

- نەخێر، ئەمە بانگەشەیەکی دروست نییە، چونکە ئەوان بوونیان هەیە لە داقوق و لە هەندێ ناحیەی سەر بە شارەکە، وەك ناحیەی تازە، ژمارەیەکی زۆریان جێگیر کراون، لەبەر ئەوە ناکرێت بوترێت لەو شارەدا پاشەکشەیان کردووە.

*** باسی بوونی داعشت کرد لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك، ئایا تا چەند مەترسیی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە لە ئارادا ماوە؟**

- داعش بوونی لە ناوچەکەدا هەیە و دواتر ئەوانەی ئێستا دەیانەوێت ئەمنییەتی کەرکووك بپارێزن، خەڵکی ئەم شارە نین و ناشزانن چی لەم شارەدا دەگوزەرێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی پێشتر ئەمنییەتی ئەم شارەی دەپاراست، پێشمەرگە و ئاسایش بوون، کە دەیانتوانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن، چونکە خەڵکی ناوچەکە بوون و زانیارییەکی زۆریان هەبوو. واتە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە پێشمەرگە و ئاسایش و هەموو حزبەکان لەو شارەدا زانیاری تەواویان هەبووە و ئێستاش کە کورد لەو ناوچانەدا کشاونەتەوە، ئەوا ئەوەی پێی دەڵێن شانە نووستووەکانی داعش لەو ناوچانە دەرکەوتوونەتەوە، چونکە کوردیان لێنەماوە.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لەیادی جەژنی نەورۆزدا دەسەڵاتدارانی داگیرکەر لەو شارەدا رێگا نەدەن هاووڵاتیانی کورد یادی نەورۆز بکەنەوە؟**

- باشە ئەگەر یادی نەورۆز لەکەرکووك نەکرێت، ئەی بۆچی یادی عاشووار بکرێتەوە؟ عاشوورا چۆن لای ئەوان پیرۆزە، نەورۆزیش لای ئێمەی کورد پیرۆزە. ئەوەی تا ئێستاش ئێمە ئاگادار بین ئەوەیە کە پارێزگار بەوەکالەت و هێزە عەسکەرتاریەتەکانی ناو کەرکووك بە بیانووی ئەوەی رەنگە کار و کردەوەی نەخوازراو رووبدات، هێشتا بەفەرمی رەزامەندییان نەداوە لەسەر ئەوەی یادی نەورۆز بکرێتەوە. بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە چۆن مەراسیمی عاشوورا

**رێککەوتنێک کراوە کە رۆژانە ٦٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی ئێران بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەمە رێککەوتنە جێبەجێ نەکراوە، چونکە ئەو هێڵەی بڕیار بوو نەوتەکەی پێدا هەناردە بکرێت لە رووی ئەمنییەوە کێشەی هەیە و داعش جموجوڵی تێیدا هەیە**

**بارودۆخێکی نائاسایی و نایاسایی لە کەرکووک دروست بووەو بە هیچ شێوەیەک قبووڵی ناکەین، هەر دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و بە هەر نرخێکیش بێت، بە سەربەرزی دەگەڕێینەوە بۆ شارەکە**

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە پێشمەرگە و ئاسایش و هەموو حزبەکان لەو شارەدا زانیاری تەواویان هەبووە و ئێستاش کە کورد لەو ناوچانەدا کشاونەتەوە، ئەوا ئەوەی پێی دەڵێن شانە نووستووەکانی داعش لەو ناوچانە دەرکەووتونەتەوە**

**ئەگەر یادی نەورۆز لەکەرکووک نەکرێت، ئەی بۆچی یادی عاشووار بکرێتەوە؟ عاشوورا چۆن لای ئەوان پیرۆزە، نەورۆزیش لای ئێمەی کورد پیرۆزە**

**راستە پرسی بودجە و مووچەو فرۆکەخانەکان و خاڵە سنوورییەکان بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام کێشەی سەرەکی و ئاڵۆزیی نێوان هەرێم و عێراق پرسی کەرکووکە**

دەکرێتەوە، ئەوا پێویستە کوردیش یادی نەورۆز بکاتەوە .

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو هێزە کوردییانەی لەم شارەدا ماونەتەوە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە؟**

- دەسەڵاتی چییان هەبێت، ئەوان تەنانەت بوێری ئەوە ناکەن شەو لە نێو بارەگاکانی خۆشیاندا بخەون.

*** ئەم دۆخە ناهەموار و نەخوازراوەی کەرکووک تا چ رادەیەک مەترسی دروست دەکات لەسەر گیانی پێکەوەژیان لە کەرکووکدا؟ ئایا ئەو دۆخە کێشەکان ئاڵۆزتر ناکات، لە کاتێکدا کە ئێمە دەزانین ئەم شارە نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە جیاوازەکانی بووە؟**

- من شەخسی خۆم تەمەننای ئەوە ناکەم کە کێشەکان ئاڵۆزتر بن، بەڵام هەست دەکەین کە دەستێك هەیە هەوڵی ئاڵۆزکردنی دەدات.

*** بۆ ئێوەی کەرکووکییەکان کردنەوەی فرۆکەخانەو پێدانی مووچە تاچەند ئومێد بەخشە، یاخود ئایا ئێوە هیچ ئومێدێکتان هەیە بەوەی کە نزیکبوونەوەی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەری کێشەکانتان دەکات؟**

- لەنێوان هەرێم و عێراقدا کۆمەڵێك کێشەی جددی و ئاڵۆز هەیە، من نازانم لە گفتوگۆکاندا ئەولەوییەت بۆ چارەسەرکردنی کام کێشانەیە، ئەوە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی یەکلای بکاتەوە، بەڵام بەتەئکید لای کەرکووکییەکان چارەسەری کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان لە ریزبەندی پێشەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق دێت، راستە پرسی بودجە و مووچەو فرۆکەخانەکان و خاڵە سنوورییەکان بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام کێشەی سەرەکی و ئاڵۆزیی نێوان هەرێم و عێراق پرسی کەرکووکە.

*** سەرەرای ئەوەی دادگای ئیتیحادی عێراقی هیچ بریارێکی لەدژی هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان نەداوە، کەچی تا ئێستا بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ئەو شارەوە قەدەغەیە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئەوەی دادگا روونی کردۆتەوە، ئەوەیە کە دەڵێت لەبەر ئەوەی تەوافوق هەیە لە نێوان پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوا ئێمە دەستتێوەردان لەم پرسەدا ناکەین، واتە بریاری بە یاساییبوونی ئەم مەسەلەیەی نەداوە.

*** باشە ئێوە ناتوانن وەك ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەن و بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك فشار دروست بکەن؟**

- بەپێی رێنمایی و یاسا دەبێت هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر هەر بابەتێك و کارێك بێت لەناو بینایەی ئەنجومەنی پارێزگا بێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر کۆبوونەوەیەك لەدەرەوەی ئەم بینایە بکرێت، ئەو نایاسایی و ناشەرعی دەبێت. ئێستاش نزیکەی ١٧ بۆ ١٨ کەسیان بریاری خۆیان داوە، بەڵام من پێموایە ئەوا خۆیان شەرمەزار دەکەن ئەگەر بێتو داوای ئەوە بکەن کە کۆبوونەوە لە دەرەوەی بیناکە بکرێت، چونکە بەو شێوەیە رێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەش دەرئەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئەوان، لەبەر ئەوە ئەوان خۆیان خستۆتە تەنگژەیەکەوە کە نازانن چۆن خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

*** هەروەك دەزانن کە چەندین بارەگای حزبە کوردستانییەکان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت بارەگای پارتی گەلی تورکمانیش لە کەرکووك داگیرکراون، ئایا ئێوە بۆ گەراندنەوەی ئەو بارەگایانە هیچ کارێکتان کردووە؟**

- لە راستیدا ئەمە نابێت داواکاری بۆ ئەم مەبەستە بەرز بکەینەوە، بەڵکو دەبێت ئەم داواکارییە لە ئێمە بکرێت، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکی کەرکووکین، بەڵام ئێستا کە بارودۆخێکی نائاسایی و نایاسایی لە کەرکووك دروست بووەو بە هیچ شێوەیەك قبووڵی ناکەین، هەر دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و بە هەر نرخێکیش بێت، بە سەربەرزی دەگەرێینەوە بۆ شارەکە.

*** یەکێك لە چارەسەرەکانی کێشەی کەرکووك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، بەڵام هەروەك ئاشکرایە تا ئێستا حکومەتی عێراق هەنگاوی جددی هەڵنەگرتووە بۆ جێبەجێکردنی و بگرە رێگریشی لێکردووە، ئایا هیچ ئومێدێك بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە ماوە؟**

- ئاشکرایە کە ماددەی ١٤٠ چەند قۆناغێك



لەخۆ دەگرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە تا ئێستا حکومەتی عێراق کاری جددی نەکردووە بۆ جێبەجێکردنیان، بگرە هەندێ لێدوانی بەرپرسەکانیشیان هەیە کە دەڵێن ئێمە ڕێگریمان لە جێبەجێکردنی کردووە. کەواتە کورد گومانی هەیە لە نیاز و لە جددییەتی ئەوان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە.

*** پێشتر لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەدا هێزی هاوبەش هەبوون بۆ ئیدارەدانی مەلەفی ئەمنی، ئایا دەکرێت جارێکی دیکە کار لەسەر ئەم میکانیزمە بکرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە ڕێککەوتنێکی ئەمنی هەیە و یاسایەکیش هەیە کە پێی دەڵێن یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ کە پەرلەمانیش پەسەندی کرد. کە ئەمریکا ڕێککەوتنێکی ستراتیژی کرد لەگەڵ عێراق، لەو ڕێککەوتنەدا باس لە هەرێمی کراوە و باس لە پارێزگاکان کراوە و تەنانەت لە برگەیەکدا باس لە پارێزگاکان کراوە کە چۆن ئەمنییەتی خۆیان دەپارێزن، کەواتە دەبێت لایەنی ئەمنی بە شێوەیەکی هاوبەش بەڕێوە ببردرێت. مەبەستم ئەوەیە دەبێت پۆلیسی ئیتیحادی و سوپای عێراق سەرجەم پێکهاتەکان لەخۆ بگرێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ، لەسەر ئاستی فەرماندەیی و ئیدارە و هەواڵگری و.. هتد، ئەوا کاتە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر ئارامی و سەقامگیری، خۆ ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەوا دەبێت بە هاوبەشی ئەم کارە بکرێت. بەڵام ئەگەر حەشدی شەعبی لە سەتا ٩٠ی شیعە بێت و لە سەتا ١٠ی عەرەبی سوننە بێت، ئەوا ئەمە بە یەکجاری دۆخەکە تێکدەدات و دەگەڕێینەوە سەر هەمان سیاسەتی ڕژێمی بەعس.

*** باس لەوە دەکرێت حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێراندا کردووە بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک، ئایا وردەکارییەکانی ئەم ڕێککەوتنە چۆنە؟**

مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕێککەوتنێک کراوە کە ڕۆژانە ٦٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی ئێران بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەمە ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکراوە، چونکە ئەو هێڵەی بڕیار بوو نەوتەکەی پێدا هەناردە بکرێت لە ڕووی ئەمنییەوە کێشەی هەیە و داعش جموجوڵی تێیدا هەیە.


# دیالۆگی عەرەبی – کوردی

## دەروازەیەک بۆ لێکگەیشتن و سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی



دکتۆر شێرزاد نەجار:

**دیالۆگ مانای وتووێژ وسازش و پاشەکشە نییە، بەڵکو پەیوەندییە لەنێوان دوولایەن کە مەبەستیان ئەوەیە ستەم لە هیچ لایەک نەکرێت**



دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان:

**نەتەوەی عەرەب هاوشێوەی نەتەوەی کورد رووبەڕووی دابەشکردن و لێکترازان بۆتەوە و بەسەر دەوڵەتاندا دابەشکراوە**

**لەوەتـەی مێـژووی نەتـەوەی کـورد کـە خەباتـی ڕەوای خـۆی دەسـتپێکردووە بـۆ بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەیی و نیشـتمانییەکانی، ئامانجـی کـوردو بزاڤـی ڕزگاریخوازیـی کـورد هەمیشـە بـڕوای بـە پێکەوەژیـان و لێبووردەیی و دادپەروەریـی بـووە لەگـەڵ هەمـوو نەتـەوە و کەمـە نەتەوەیـی و ئایینـی و ئایینزاکانـی دیکـەدا، ئەمـەش لـە ڕوانگـەی بڕوابـوون بـەوەی کـە تەنیـا دیالـۆگ و لێکگەیشـتن ڕێگەچارەی گونجاون بـۆ بەدیهێنانـی مافـەکان و هێنانەکایـەی ئاشـتیی کۆمەڵایەتـی و سـەقامگیری، بۆیـە لـە هـەر کـۆڕو کۆبوونـەوەو کۆنگرەیەکـدا هەوڵـی داوە بۆچوونـی خـۆی لـەم ڕووەوە بخاتـەڕوو و بەشـدارییەکی تۆکمـەی کـردووە و بـە ڕاشـکاوی ڕاو بیروبۆچوونـی خـۆی بـۆ دۆسـتانی خسـتۆتەڕوو، بیرۆکـەی ئـەم دیالۆگـەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە پەیوەندیـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـوردو عـەرەب بـە درێژایـی مێـژوو ئەرێنـی بـووە، چونکـە شـەڕو خەباتـی کـورد لەگـەڵ نـەك هـەر عـەرەب، بەڵکـو لەگـەڵ نەتـەوەو ئایینزاکانـی دیکـەش نەبـووە، خەباتـی کـورد دژی ڕژێمـە سـەرکوتکارو چەوسـێنەرەکان بـووە کـە مافـی کوردیـان پێشـێل کـردووەو بـە درێژایـی دەیـان ساڵـی ڕابـردوو ستەمیان لـێ کـردووە.**

**لە ڕۆژی ١-٣-٢٠١٨ لە عەممانی پایتەختی ئوردن کارەکانی دیالۆگی عەرەبی- کوردی بە ئامادەبوونی کەسایەتی و ئەکادیمیست و ڕۆشنبیر و بیرمەندانی عـەرەب و کورد بەڕێوەچوو، کە بە وتارخوێندنەوەو گفتوگۆ و خستنەڕووی بۆچوونەکانیان بەشدارییان تێدا کرد.**

**لـەم دیالۆگـەدا بەشـداربووان بـە ڕاشـکاوی باسـیان لـە خاڵـە ئیجابییـەکان و ئامانجـە گرنگەکانـی ئـەم گردبوونەوەیـە کـرد، بـە ئومێـدی ڕەواندنـەوەی ئـەو گومـان و تۆمەتانـەی دەخرێنـە پـاڵ هـەردوولا سـەبارەت بـە بوونـی توندوتیـژی و ناکۆکییـەکان، بەڵکـو ئـەم دیالۆگـە هاندەرێـك دەبێـت بـۆ زیاتـر لێـك نزیکبوونـەوەی خـاوەن بڕیـارو کاربەدەسـتانی کـوردو عـەرەب بـەرەو بنیادنانـی پەیوەندیـی دۆسـتانەو پێکەوەژیـان و لێبووردەیـی.**

**● دکتۆر شێرزاد نەجاڕ :**

**دیالـۆگ مانـای وتووێـژ وسـازش و پاشەکشـە نییـە، بەڵکـو پەیوەندییـە لەنێـوان دوولایـەن کـە مەبەسـتیان ئەوەیـە ستەم لـە هیـچ لایـەك نەکرێـت**

دکتـۆر شـێرزاد ئەحمـەد نەجـاڕ مامۆسـتای زانسـتە سیاسـییەکان و یاسـای دەسـتووری لـە زانکـۆی سـەلاحەدین- هەولێـر، بابەتێکـی پێشـکەش بـە مێزگـردی دیالـۆگی عەرەبـی- کـوردی کـردو تێیـدا دووپاتـی کـردەوە کـە پرەنسـیپی لێبووردەیـی و دانپێدانـان بـە مافـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ و پرەنسـیپەکانی ڕێزگرتنـی بەرامبـەر، پرەنسـیپی نیازپاکـی، دانەنانـی بەربەسـت لەبـەردەم دیالۆگـدا، ڕێزگرتـن لـە فـرە کەلتـوور و کرانـەوەی بـە ڕووی بەرامبـەر، دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ، ئەمانـە هەموویـان گرنگتریـن پرەنسـیپ و سـنووری دیالۆگـن، ئەمـەش پوختـەی بابەتەکـەی دکتـۆر شـێرزاد نەجـاڕە لـە مێزگردەکـە:

ئامانجـی ئـەم بابەتـە دیراسـەکردنی پەیوەندیـی دیالۆگـی عەرەبـی- کوردییـە بەپێـی بەهـای دیموکراسـی و پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ لەمیانـی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی چەمکەکانـی دیالـۆگ، دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و لەمیانـی ڕوونکردنـەوەی چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لـە چوارچێـوەی دیالۆگـدا کـە مەبەسـتی بنیادنانـی پەیوەنـدی و کارلێکـی هاوبەشـە بـۆ ئیستیعابکردنی پەرەسـەندنەکانی ئـەو مامەڵەکردنانـە وەك دەروازەیـەك بـۆ ئەنجامدانـی دیالـۆگ کـە پشـت ببەسـتێت بـە بەهـاو پرەنسـیپەکان کـە جەخـت بکاتـەوە لەسـەر پێویسـتی ڕێزگرتـن لـە بەرامبـەر و قبوولکردنـی پێکەوەژیـان و نەسـەپاندنی دەستڕۆیشـتوویی لایەنێـك بەسـەر لایەنێکـی دیکـەدا. ئەمـە مانـای وایـە کـە دەبێـت کاربکرێـت بـۆ ئـەوەی دیالۆگـی عەرەبـی- کـوردی بکرێتـە دیالۆگێـك بـە شـێوەیەکی ئۆرگانـی ببێتـە پردێـك لەنێـوان بەهـا دیموکراسـییەکان و پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ، کـە بەبـێ ئـەو چوارچێوەیـە ئـەم دیالۆگـە ئەنجـام نادرێـت، بەڵکـو بەپێچەوانـەی ئـەوەوە کێشـەی دەستڕۆیشـتوویی و خۆسـەپاندن دێتەئـاراوە.

لـە لێکۆڵینەوەیەکـی پەیوەندیـی دیالۆگـی عەرەبـی – کوردیـدا بەپێـی بەهاکانـی دیموکراسـی و پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ هەوڵدەدەیـن ناوەڕۆکـی چەمکەکانـی دیالـۆگ، دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ شـیبکەینەوە لەپێنـاو بنیادنانـی پەیوەندیـی و کارلێکـی هاوبەشـدا.

سـەرەتا چەنـد پرسیارێك هـەن پێویسـتە بخرێنـەڕوو

لەبەردەم هەوڵەکانی کردنەوەی دیالۆگی جددیی عەرەبی- کوردیدا، لەوانە: بۆچی بەدوای دیالۆگدا بگەڕێین؟ کایەو ئاسۆکانی دیالۆگ چین؟ کێ دیالۆگ بکات و لەگەڵ کێ؟

لەسەر زمانی عەرەب، دیالۆگ بریتییە لە پاشگەزبوونەوە لە شتێك و بۆ شتێك. بەڵام زاراوەکە لە زمانی سیاسەتدا هەمان مەبەستی هەیە کە هەوڵێکە بۆ لێبووردەیی، پێکەوەژیان و هاوکاری. ئەم زاراوەیە واتای سیاسی هەیە، زیاتر لە واتای یاسایی، دیالۆگیش بە واتای ئەو هەوڵە ئەرێنییەیە بۆ گەیشتن بە لێکگەیشتنێکی قووڵتری ماف لەمیانی هەستکردنی ئاڵوگۆڕ بە بیروباوەڕی بەرامبەر و گەواهی پێدان. بەو واتایە بێت دیالۆگ مانای وتوێژ وسازش و پاشەکشە نییە، بەڵکو پەیوەندییە لەنێوان دوولایەن کە مەبەستیان ئەوەیە ستەم لە هیچ لایەك نەکرێت. لەبەر ئەوە: ئایا دەکرێ دیالۆگ لەنێوان شارستانییەکان و کەلتوورییەکاندا سازبکرێت؟

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یونسکۆ و ئیسیسکۆ) ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەم بوارەدا، لە بەتینکردنی چەمکی دیالۆگ لە ڕێی ڕێکخستنی کۆنگرەو مێزگردەکانی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا، هەروەها دەکرێ کۆڕبەندی فیکری ڕۆڵی هەبێت لە بەهێزکردنی دیالۆگی عەرەبی- کوردیدا. لێرەدا دەپرسین: ئایا دیالۆگ پرەنسیپ و سنووری هەیە؟ بەڵێ، گرنگترینیان:

پرەنسیپی لێبووردەیی و دانپێدانان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی ڕێزگرتنی بەرامبەر، پرەنسیپی نیازپاکی، دانەنانی بەربەست لەبەردەم دیالۆگدا، ڕێزگرتن لە فرە کەلتووری کرانەوەی بە ڕووی بەرامبەر، ئەم دیالۆگەش پەیوەستە بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

دیموکراسی مانای دەسەڵاتی گەلە، سیستەمێکی حوکمڕانییە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەل، چەند تیۆرێکی لێ داڕێژراوە: تیۆری دیموکراسی بژاردە، تیۆری ئابووریی دیموکراسی، تیۆری دیموکراسیی هاوبەش، بەڵام مافی مرۆڤ بریتییە لە مافە هاوبەشەکان کە بەندن بە مرۆڤەوە ناگوێزرێنەوە و دابەش نابن و هەمووان پێوەیان پابەندن، بریتییە لە نۆرمە بنەڕەتییەکانی یەکسانی و دادپەروەری کە بە بێ ئەو مرۆڤ ناتوانێت بە سەربەرزی بژی.

بۆیە پرسیارێك دێتە پێشەوە دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئەو چەمکانەی سەرەوە، ئایا پەیوەندیی ئۆرگانین کە بە توندی بەیەکەوە گرێدراون، یان پەیوەندیی لاوازو فشۆڵن ؟

جا بۆ بەرهەمهێنانی ژینگەیەك کە دیالۆگ لە ئامێز بگرێت، پێویستە ئەو پەیوەندییانە بەهێز بن لەمیانی ئەم بەهایانە: ئازادی، لێبووردەیی، ڕێزگرتنی بەرامبەر. ئەم بەهایانە دەبنە هۆی پێکهێنانی پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوانیان کە بە گفتوگۆ دەست پێدەکەن. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایەی سەرەوە، دیالۆگی عەرەبی- کوردی پێویستە لە چەمکەکانی فیکرەوە سەرچاوە بگرێت و پشت ببەستێت بە چەمکەکانی دیموکراسی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دەبێ ئەو پەیوەندییانەش ئۆرگانیك بن.

**● دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان:**

**نەتەوەی عەرەب هاوشێوەی نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی دابەشکردن و لێکترازان بۆتەوە و بەسەر دەوڵەتاندا دابەشکراوە**

بیرمەند و نووسەری ناوداری عەرەبی پرۆفیسۆر عەبدولحوسێن شەعبان لە میانی بەشداریکردنی لەم دیالۆگەدا لە وتەیەکدا باسی لە گرنگیی ئەم مێزگردە کرد بە ئاراستەی بەتینکردنی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، لە وتەکەیدا سەرەتا سوپاسی کۆڕبەندی فیکری عەرەبی کرد بۆ دەستپێشخەرییەکەی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەم مێزگردە گرنگە، بەتایبەتیش لەم هەلومەرجەی ئێستادا، هەروەها سوپاسی میر حەسەن کوڕی تەلاڵی کرد کە چاودێریی ئەم مێزگردەی کردووەو داوای دەستپێکردنی ئەم دیالۆگەی کردووە کە ڕۆشنبیرو ئەکادیمیست و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عەرەب و کورد تێیدا بەشدارن، لە وتەکەیدا ڕوونی کردەوە کە پێش هەموو شتێك ئامانجی ئەم دیالۆگە ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان و تێکەڵکردنی بیروڕاکانە بۆ دروستکردنی وێنایەکی گشتی، ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ هاندانی لێکنزیکبوونەوەو لێکگەیشتن و هاوکاری بە

بەرزکردنـەوەی رادەی کۆدەنگـی و کەمکردنـەوەی جیاوازییـەکان و ریزگرتنیـان، بەتایبەتیـش بـۆ پرکردنـەوەی کەلێـن لەنێـوان بڕیاربەدەسـت و سیاسـەتمەداران و کاربەدەسـتان و پەیوەندیدارانـەوە لەلایـەك و رۆشـنبیرو ئەكادیمیسـت و بیرمەنـدان لـە لایەکـی دیکـەوە، بـۆ قەناعەتهێنـان بـەوەی کـە هـەر گۆڕانـکاری و پەرەپێدانێکـی راسـتەقینە پێویسـتی بـەم جـۆرە دیالۆگـە هەیـە، لێکگەیشـتن بـۆ هـاوکاری کـە رەچـاوی بەرژەوەندیـی هەمـوو لایـەك بـکات، هەروەهـا هـەر هەوڵێکـی ئەرێنـی لـەم بـوارەدا بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی رەنگدانـەوەی بۆسـەر دەوڵەتانـی ئیقلیمـی و پەیوەندیـی مێژوویـی گەلانــەوە هەیــە.

دکتـۆر شـەعبان ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە ئێمـە لێرەدا وەك دوو تیمـی پێکناکۆك کۆنەبووینەتـەوە تـا هـەر لایـەك رای خـۆی بخاتـەڕوو، بـۆ ئـەوەی لـە چوارچێوەی رکابەری، یـان بێزارکردن خۆمان پیشان بدەین، بەڵکو کۆبووینەتـەوە وەك رۆشـنبیر کە خەمی هاوبەشـمان هەیـە، ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە کـە جیاوازیمـان نەبێـت دەربـارەی مێـژوو و هەلومەرجـی ئێسـتا و ئاینـدە کـە ئەمـەش شـتێکی سرووشـتییە، پێویسـتە دانـی پێدا بنێیـن، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لەسـەر هاوبەشـە مرۆییـەکان کـە ئەمانـە بنەمـان لـە پەیوەندیـی عـەرەب و کـورددا، پێویسـتە هەبـن لـە پەیوەندییەکانـی دەوڵەتـە ئیقلیمییـەکان لەنێـوان خۆیانـدا، بەتایبەتیـش کـە گەلانـی ناوچەکـە هەموویـان ئامانجیانـە کـە پەرەپێدانـی بـەردەوام بێتـەدی، کـە رەهەنـدی مرۆیـی هەبێـت لەسـەر بنەمـای ئـازادی و یەکسـانی و دادپـەروەری، نەخاسمە کۆمەڵایەتی و بەشداری و شەراکەت لە دیاریکردنـی چارەنووسیاندا، ئەمـەش بەبێ بوونـی پەیوەندیـی ئاشـتییانە لەسـەر بنەمـای برایەتـی و دراوسـێیەتیی بـاش و سـوود و بەرژەوەندیـی هاوبـەش نایەتـەدی، درووشـمی بزووتنـەوەی نیشـتمانیی عێراقیش لەوەتـەی سـاڵانی سـییەکاندا بریتـی بـووە لـە: (لەسـەر زەمینـەی برایەتیـی عـەرەب و کـورد هەمـوو پیلانەکانـی کۆلۆنیالیـزم و کۆنەپەرسـتان تێکدەشـکێت).

زۆر شـت عـەرەب و کـوردو گەلانـی دیکـەی ناوچەکـە لـە فـارس و تـورك کۆدەکاتـەوە، کـە دەکـرێ لـە چوارچێـوەی پرۆژەیەکـی فراوانـی دیالۆگـدا بەرجەسـتە بێـت و رۆشـنبیرانی ئـەو گەلانـە بگرێتەخـۆ، هەروەهـا دەکـرێ فراوانتربێـت تاکـو ئـەو قەوارانـەش بگرێتـەوە کـە هەمـان ئاراسـتەو بۆچوونیـان هەیـە، هـەر ئەوەشـە کـە میـر حەسـەن داوای دەکات تایبـەت بـە دەسـتپێکردنی دیالـۆگ لەنێـوان گەلانـی گـەورەی هەرێمەکـەدا. بۆیـە ئەگـەر نەتـەوەی عـەرەب دوچـاری دابەشـکردن بووبێتـەوەو بـەم هۆیـەوە پـەرش و بـڵاو و لێکترازابێـت و بەسـەر دەوڵەتانـدا دابـەش بووبێـت و لەمپـەرو بەربەسـت خرابێتـە بـەردەم یەکگرتنـی، ئـەوا نەتـەوەی کوردیـش بەهەمـان شـێوە رووبـەڕووی دابەشـبوون بۆتـەوە، کـورد بەسـەر چـوار وڵاتـدا دابەشـبووە، تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـووریا. هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد رووبـەڕووی پیلانی نهێنـی بوونەتـەوە کـە دەوڵەتانـی ئیمپریالـی لەمیانـی جەنگـی دووەمـی جیهانـدا جێبەجێیـان کـردووە، کاتـێ رێکەوتننامـەی سـایکس- پیکـۆ لەپشتی هـەردوو نەتەوەوە لـە سـاڵی ١٩١٦ لەنێوان بەریتانیـاو فەرەنسـا واژۆکـرا، سـەرەتا رووسـیاش هاتـە ناویـەوە، بـەڵام دواتـر لێـی جیابـۆوە، بەپێـی رێکەوتننامە نهێنییەکان دوای شۆڕشـی بەلشـەفی لـە سـاڵی ١٩١٧. ئـەو رێکەوتننامەیـە لادان بـوو لـەو بەڵێنانـەی کـە هاوپەیمانـان دابوویـان کاتـێ شۆڕشـی شـەریف حوسـێن لـە ١٩١٦ بەرپابـوو، ئەوەیـش بـەوەی سـەربەخۆیی دەدەنـە عـەرەب و دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی عەرەبـی پێکدەهێنـن. هەروەکـو چـۆن رێککەوتننامـەی لۆزانـی سـاڵی ١٩٢٣ بـۆ بەرژەوەندیـی تورکیـا رێککەوتنامـەی سـیڤەری لـە سـاڵی ١٩٢٠ دواخسـت کـە دانـی بـە بەشـێکی مافـی کـورد دانابـوو.

ئـەو زیاتـر جەختـی کـردەوە کـە ئەگـەر مافـی چـاری خۆنووسـین وەك پرەنسـیپێکی یاسـایی و سیاسـی دانپێدانـراو بێـت لەلایـەن پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و شـەرعییەتی نێودەوڵەتیـش وەك مافـی مـرۆڤ دانـی پێدا نایێـت، ئـەوا ئـەو مافـە هەمیشـە بـە ئامانجـی ئـەو دوو نەتـەوە دێرینـە دەمێنێتـەوە، جێبەجێکردنیشـی لـە هـەر وڵاتێکدا پشت دەبەسـتێت بە پەیوەندییەکانی نێوان لایـەن و هێـزە سیاسـییەکان و ئاسـتی تێگەیشـتن و هاوکاریـی نێوانیـان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە هاوبەشـەکان، تەنانـەت بۆ چارەنووسـە هاوبەشـەکان، لەگـەڵ رەچاوکردنـی تەحەددی و مەترسـییەکان کە رووبـەڕووی ناوچەکـە دەبنـەوە لەلایـەن دووژمنـان و

لەپێشەوەیان ئیسرائیل، کە هەندێ جار ناکۆکی و هەڵوێستە جیاوازەکانی نێوان عەرەب و کورد دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ململانێکە زیاتر بکات و گیانی رق و کینەو کوشتار بڵاوبکاتەوە، بەتایبەتیش لە هەلومەرجی لاوازیی متمانە و ناکۆکیی هەڵوێستەکان.

دکتۆر شەعبان دووپاتی کردەوە کە پەنابردن بۆ توندوتیژی و هۆکاری سەربازی و شەڕو چەکداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەموویان شکستیان هێنا، چ لەلایەن حکومەتەکانەوە کە هەوڵیانداوە مافی رەوای کورد پێشێل بکەن و بزووتنەوەی کوردی لەناوبەرن، چ لەلایەن خودی بزووتنەوەی کوردییەوە کە پەنای بۆ چەك و توندوتیژی بردووە، هەتا ئەگەر ناچاریش بووبن، ئەمەشە کە هەندێ لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەوڵدەدەن بیخەنەگەڕ بە بیانووی ئەوەی کە کورتترین رێگەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکان، بەڵام توندوتیژی و هۆکارە سەربازییەکان ئەو لایەنانەیان نەگەیاندە ئامانجەکانیان بە قەدەر ئەوەی کە هەڵوێستەکانیان زیاتر ئاڵۆز کردووە، بەتایبەتیش کە دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان هاتنەناوەوە، دوژمنانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هەلی گونجاویان قۆستەوە بۆ لاوازکردنیان و بەلاڕێدابردنی رووی راستەقینەی ململانێکان.

لەبەر ئەم هۆیەو هۆی دیکەی بابەتی بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە ئایین و مێژوو و جوگرافیاو پێکەوەگرێدانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و خێزانی، وێڕای بەرژەوەندیی هاوبەش کە لەوەتەی سەدان ساڵە هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها کە لەوەتەی فتوحاتی ئیسلامی تا دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ١٩٢١ هیچ شەڕو پێکدادانی بەخۆیەوە نەدیوە، لەبەرئەوە پێویستە دیالۆگ ئەنجام بدرێت وەك رێگەیەکی بنەڕەتی بۆ چارەسەری هەمیشەیی و چەسپاو و دادپەروەرانە لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین و گەڕان بەدوای شێوازی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی لەسەر ئاستی یاسایی و دەستووری کە لەگەڵ پەرەسەندنی نێودەوڵەتیدا بگونجێت. شایانی باسە ئەم جۆرە داوایە لایەنی زۆری بزووتنەوەی سیاسیی عێراقی قەناعەتیان پێی هەیە، بۆیە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٢ ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە بیرۆکەی فیدراڵی وەك پەرەسەندنێکی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی گرتەبەر، ئەمەش لە دەستووری هەمیشەییدا لە ساڵی ٢٠٠٥ دوای داگیرکردن بڕیاری لێدرا، یەکەم دەستووری عێراقی کە داندەنێت بە شەراکەتی عەرەب و کورد، دەستووری ساڵی ١٩٥٨ بوو، بەڵام دەستووری ساڵی ١٩٧٠ لەو پێشکەوتووتر بوو کاتێ دانی نا بە بوونی دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراق، ئەمەش دوای بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە بەپێی ئەو بەیاننامەیە یاسای ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٧٤ داڕێژرا، بەڵام بەداخەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە و نزیکەی ساڵێکی خایاند و تا واژۆکردنی رێکەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥ لەنێوان جێگری سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن و شای ئێران محەمەد رەزا پەهلەوی، کە دواتر زنجیرەی سەرکوتکردن و چەوسانەوە بەردەوام بوو و شەڕی عێراق و ئێرانی بەدواداهات لە ١٩٨٠ تا ١٩٨٨، هەروەها هەڵمەتەکانی فراوانی راگوێزانی دەیان هەزار کوردی فەیلی بە پاساوی پاشکۆیەتیی ئێرانی دەستی پێکرد.

هەر لە درێژەی وتەکەیدا دکتۆر شەعبان گوتی: من لەبیرمە کە ئێمە دیالۆگێکمان سازکرد بە هەمان شێوەی ئەمڕۆ (دیالۆگی عەرەبی – کوردی) لە چوارچێوەی رێکخراوی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ لە لەندەن، بەندەش سەرۆکی بوو، کە هەر خۆم دوام کردبوو، پێموایە یەکەم دیالۆگی عەرەبی- کوردی بوو، کە بژاردەیەکی فیکری و رۆشنبیری تێدا بەشداربوو، کە لە ٥٠ رۆشنبیری عەرەب و کورد پێکهاتبوو، تێیدا باسیان لە هەندێ کێشەی پەیوەندییەکانیان کرد، لەوانە: مافی چارەی خۆنووسین، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، ئایندەی دامەزراندنی دەوڵەتێك، یان زیاترو چارەسەری گونجاو، هەروەها دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ دیالۆگێکی دیکەش لە قاهیرە بەڕێوەچوو. دواتر چەندین کۆمەڵەی دۆستایەتیی عەرەبی- کوردی دامەزران و دیدارو چالاکیگەلی گشتی رێکخران کە هەندێکیان نزیك بوون لە پێکهاتەی سیاسی، بەڵام ئەشکالیات و گومانی پەیوەندی تا ئێستاش هەر بەردەوامن و پێویستیان بە دینامیك و بزاف هەیە، تاکو رۆشنبیران بەشداری تێدابکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان لەسەر بنەمای دروستکردنی متمانەو لێکگەیشتن

.من پێموایە چاودێریکردنی میر حەسەن بۆ دیالۆگی مەعریفی و رۆشنبیری و فیکری لەم ئاستەدا دەتوانێت بەشداری بکات لە گەڵاڵەکردنی تێڕوانینی تازە. بەتایبەتیش ئەگەر فراوان بکرێت و چالاکانی سیاسی لە عەرەب و کورد بێنە ناویەوە بە ئامادەبوونی کەسایەتیی لێهاتوو لە رۆشنبیرانی عەرەب، هەروەها دەکرێ شێوازێکی دامەزراوەیی پێ بدرێت بەپێی میکانیزمێك کە کۆڕبەندەکە پشتی پێ ببەستێت و جێبەجێی بکات لە چوارچێوەی بەرنامەکانیدا بە هاوکاریی لەگەڵ دامەزراوەی دیکەی دۆستدا کە هەموو لایەك لێی سوودمەند بن، ئەمەو بەڕێزیان دەستپێشخەربوون لە گەیاندنی ئەو بانگهێشتە ویجدانییە بۆ دیالۆگ، چونکە قەناعەتی بە هاوبەشە مرۆییەکان هەیە، بەتایبەتیش دوای ئەو درزەی کەوتە نێو هەندێ لایەنی پەیوەندییەکانی عەرەب- کورد، دوای ریفراندۆمی کورد لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، هەروەها ئارەزووی بەڕێزیان لە بەردەوامیی پەیوەندیی و کارلێك و لێکگەیشتن بۆ دەربازبوون لە هەندێ بەربەست و لەمپەر کە رووبەڕووی ئەو ئەزموونە ساوایە بۆوە. ئەمەش پێویستی بە هەندێ پاشەکشەی دوو لایەنەو چارەسەری نیشتمانی هەیە کە عەرەب پشتگیری بکات، هاوکات دیالۆگی بەردەوام بۆ خۆشکردنی زەمینەو گەڕان بەدوای چارەسەری ئاشتییانە کە یەکێتیی خاك و گەلی عێراق بەهێزبکات، لە هەمان کاتدا مافەکانی کورد و خواستە رەواکانیان لە دیاریکردنی چارەنووس وەدی بهێنێت، کە ئەمەش گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هەلومەرج و بارودۆخی دەوڵەتانی ئیقلیمی. بۆیە ئەگەر داوەتنامەکە بۆ ئەو ژمارە دیاریکراوەی عێراق بێت لە کوردو عەرەب و ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی عەرەب لە غەیری عێراق کە داوەتنامەی تایبەتە، ئەوا ئامانجەکە کردنەوەی کەناڵی پەیوەندییە بە شێوەیەك کە ئەو جۆرە دیالۆگە ئامرازێکی پەیوەندی بێت، دەکرێ فراوان بکرێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ و بە فیعلی بزانرێت: عەرەب چی لە کورد دەوێت، کوردیش چی لە عەرەب دەوێت؟ ئەمەش پەلدەکێشێت بۆ دانانی وردەکاری تایبەت بە رۆشنبیری و ئەدەب و هونەرو کەلەپوورو مێژوو و زمان کە رایەڵەی پەیوەندی بەهێزبکات، هاوکات بەشداریبکات لە دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی بۆ کێشەکان، هەروەها دۆزینەوەی دەرفەتی تازە بۆ گەڕان بەدوای پێشهاتەکانی ئەو پەیوەندییە کە دەبێت هاوسەنگ بێت و لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەری تایبەتمەندییەکان لە چوارچێوەی پێناسەی گشتیی عێراقی یەکگرتووی خاوەن سەروەری کە رووەو پەرەپێدان هەنگاو بنێت.

بۆیە ئەرکی دەوڵەتە، هەر دەوڵەتێك بیەوێت رێگەی پەرەپێدانی دیموکراسیی ئازادو راستەقینە بگرێتەبەر، رەچاوی ناسنامە لاوەکییەکان بکات و بواری تەواویان پێ بدات بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت و لەگەڵ بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا بگونجێت.

بۆ ئەوەی پەیوەندیی مێژوویی عەرەب- کورد پەرە بسێنێت، پێویستە ئیشکالیاتی ئێستا تێپەڕێنین کە لە ئەنجامی ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بێ رەزامەندیی حکومەتی فیدراڵ هاتنەئاراوە، بەتایبەتیش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، هەروەها کاردانەوەی بەغدا بەرامبەر هەنگاوی هەولێر کە دۆسیێکی سەختی والاکرد کە بۆ دەیان ساڵ دەگەڕێتەوە، چ ئەوەی پەیوەستن بە کەرکووك و نەوت و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵ بەسەر فڕۆکەخانەو دەروازە سنوورییەکاندا بەو ناوەی کە کێشەی سیادین بەپێی دەستوور، کە دەستوورێکە پێویستی بە هەمووارکردنەوە هەیە، یان دارشتنەوەی دەستووری تازە کە سوود لە ئەزموون و گومان و کێشەکان وەربگیرێت.

لە کۆتایی وتەکەیدا روونی کردەوە کە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بەردەوام بن و رێچکەیەکی دروست بگرنەبەر، پێویستە لەسەر بنەمای کارلێك و پەیوەندیی و پێکەوەگونجان بنیاد بنرێن، نەك قازانخوازی و دەستڕۆیشتوویی و هەڵوەشاندن و لێکترازان، چونکە ئەمە زیان بە عەرەب و کورد دەگەیەنێت، چ لە عێراق، یان لە سووریا، یانیش لە دەوڵەتانی ئیقلیمی. بەتایبەتی هاوبەشە گشتییەکان کە ناوەڕۆکی بنەرەتیی پەیوەندی و ئایندەی ئەو پەیوەندییە پێکدەهێنن. بۆیە پێویستە ئەو راستییە بزانرێت کە هەر پێکدادانێك لە نێوانیاندا رەنگدانەوەی دەبێت بۆسەر رەوشی ئیقلیمی، کە ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی، بەتایبەتی کە سوودمەند تەنیا دوژمنانی ئەو دوو نەتەوەن.



**ئەریکا فرانتز پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ویلایەتی میشیگان. وانەبێژ و توێژەرە لە بواری سیاسەتی خۆسەپێنی، دیموکراتیزەکردن، ناکۆکی و پەرەپێدان. بایەخێکی تایبەت دەدات بە کاریگەرییە ئەمنی و سیاسییەکانی حوکمڕانیی خۆسەپێنی. چوار کتێبی بڵاوکردۆتەوە لەبارەی دیکتاتۆریەت و پەرەپێدانەوە و دوایین کتێبیشی پەیوەستە بە دەوڵەتی شکستخواردوو و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی لێکرد لەبارەی هۆکاری نووسینی ئەو کتێبە و هۆکار و چارەسەری دەوڵەتی شکستخوارد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

> **بنیادنانی دامەزراوە دیموکراتییەکان خۆی لە خۆیدا کارێکی دژوارە و تاکە مۆدێلێکیش نییە کە بۆ هەموو هەلومەرج و دۆخێک بگونجێت**

> **لە هەر وڵاتێکدا دەوڵەتی لاواز هەبوو، ئەوا توندوتیژی دێتەئاراوە، ناسەقامگیری سیاسی و قەیرانی ئابووری سەرهەڵدەدات، هەموو ئەم هەلومەرجانەش دەبنەهۆی درێژەدان بە لاوازیی دەوڵەتەکە**

*** ئێوە بەم دواییە کتێبێکتان لەگەڵ پرۆفیسۆر «نەتاشا ئیزرۆ» نووسی بە ناونیشانی: «دەوڵەتی شکستخواردوو و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکان- failed states and institutional decay «understanding » instability and poverty in the developing world هەژاری و پەرەپێدان لە جیهانی سێدا، ئایا ئێوە چۆن باس لە دەوڵەتی شکستخواردوو دەکەن لە رووی هۆکار و دەرئەنجامەوە؟**

- یەکێك لە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی ئێمە لە نووسینی ئەو کتێبە ئەوە بوو، بە شێوەیەکی وردتر و دیاریکراوتر باس، یان پێناسەی دەوڵەتی شکستخواردوو بکرێت، چونکە ئەوەی بەدیمان دەکرد، ئەوە بوو کە چەند وڵاتێك دەخرانە خانەی وڵاتە شکستخواردووەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە چەندین رووەوە لێك جیاواز بوون. بۆ نموونە، ئەو تەحەددی و دژوارییانەی رووبەڕووی عێراق دەبنەوە لە میانەی بنیادنان و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا، جیاواز دەبن لەو تەحەددییانەی دێنەڕێی سووریا. کەواتە یەکێك لە ئامانجەکانی کتێبەکە ئەوە بوو بە دیاریکراوتر لە لایەنەکانی شکستهێنانی دەوڵەت بڕوانین، واتە ئایا کێشەکە لە دامەزراوەی دادوەریدایە، یاخود لە دامەزراوەی ئەمنی، یان کێشەکە لە دامەزراوەیەکی دیکەدایە.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین یەکێك لەو هۆکارانەی سەردەکێشێت بۆ شکستهێنانی دەوڵەت، ئەوەیە کە سیستمە سیاسییەکە بە چەشنێك هەڵدەسووڕێت کە بەرژەوەندی و خواستی پێکهاتەکانی وڵاتەکە لەبەرچاو ناگرێت، بۆ نموونە ئەگەر عێراق بەردەوام بێت لە پشتگوێخستنی خواست و بەرژەوەندییەکانی کورد و سوننە، ئەوا بەرەو شکستهێنان دەڕوات، ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە؟**

- یەکلاکردنەوەی ئەوەی چ سیستمێکی سیاسی پەرە بە سەقامگیریی سیاسی دەدات، کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە ئەمە چەندین لایەن و فاکتەر لەخۆدەگرێت. لە عێراقیشدا ئاڵۆزتر و سەختترە، ئەویش لەبەر ئەوەی پێکهاتە ئیتنییەکان لە رووی جوگرافییەوە دابەش بوون. ئەگەرچی ئێمە بە گشتی دەتوانین بڵێین بوونی سیستمێکی سیاسی دیموکراتی، باشترە لە بوونی سیستمێکی حوکمڕانی تاکڕەوی. بەڵام بنیادنانی دامەزراوە دیموکراتییەکان خۆی لە خۆیدا کارێکی دژوارە و تاکە مۆدێلێکیش نییە کە بۆ هەموو هەلومەرج و دۆخێك بگونجێت، چونکە ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، مەرج نییە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا هەمان دەرئەنجامی لێبکەوێتەوە. کەسانی ئەکادیمیش ئایدیایەکی بەهێزیان نییە لەبارەی ئەوەی چ رێوشوێنێکی دامەزراوەیی لە هەر وڵاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت.

*** چۆن لە دەرئەنجام و ئاکامەکانی شکستهێنانی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەڕوانن؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت سەرەتا ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئایا چ بەشێك، یان چ لایەنێکی دەوڵەتەکە شکستی هێناوە، چونکە ئەگەر تۆ دەوڵەتێکت هەبوو کە دامەزراوەی ئەمنیی لاوازی هەبوو، یاخود کێشە لە دامەزراوەی دادوەریدا بوو، یان دامەزراوەی سیاسی گەندەڵیی هەبوو، ئەوا ئەمانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی سلبییان لێدەکەوێتەوە، هەروەها رەنگە بوونی دامەزراوەی سیاسیی گەندەڵی خراپترین لێکەوتەی ئابووری هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رەوشی خراپی ئابووریش

ئەریکا فرانتز
پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە هاوکاریی دەوڵەتە لاوازەکان بکات

دەبێتەهۆی درێژەدان و بەردەوامیدان بە دامەزراوە سیاسییە گەندەڵەکان. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە کێشەکان پێکەوە بەستراون و پێکەوە گرێدراون، بۆ نموونە، ئەگەر تۆ بتەوێت دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەریت هەبێت، ئەوا پێویستت بە بوونی ئەو دامەزراوە سیاسییانە هەیە کە ئەم سەربەخۆییە بە دەسەڵاتی دادوەری دەدەن. کەواتە لە هەر وڵاتێکدا دەوڵەتی لاواز هەبوو، ئەوا توندوتیژی دێتەئاراوە، ناسەقامگیری سیاسی و قەیرانی ئابووری سەرهەڵدەدات، هەموو ئەم هەلومەرجانەش دەبنەهۆی درێژەدان بە لاوازیی دەوڵەتەکە.

*** ئایا بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو لەسەر ئاسایش و ئارامیی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کاریگەری نابێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە چەندین بەڵگە هەن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بوونی توندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی دەبێتەهۆی ئەوەی ناسەقامگیری و توندوتیژی پەل بکێشێت بۆ دەوڵەتە دراوسێکانیش، پێچەوانەکەشی هەر راستە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتێك بە سەرکەوتوویی بەرەو دیموکراسییەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بە دیموکراتیکردنی دەوڵەتە دراوسێکانی.

*** ئەی راسپاردەتان بۆ چارەسەرکردنی شکست و لاوازیی دەوڵەتەکان چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و وەڵامەکەی ملیۆنێك دۆلار هەڵدەگرێت. هەرچۆنێك بێت. ئەگەر وەڵامی ئەوە بدەینەوە کە راسپاردە چییە بۆ چارەسەرکردنی شکست و لاوازی دەوڵەتان، ئەوا دەڵێم لە رووی مێژووییەوە کەسانی ئەکادیمی کارێکی زۆریان ئەنجام نەداوە بۆ پێوانەکردنی شکستی دەوڵەت، واتە وردبوونەوەیەك تەواو نەکراوە لە دەرئەنجامەکانی شکستهێنانی دەوڵەت بە چەشنێك کە راسپاردە و پێشنیاری باشی لێبکەوێتەوە. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان ئەوەیە هەر دەوڵەتێك دۆخی تایبەت و تەحەددی و کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە. من پێموایە دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بڵێین دەکرێت سەرەتا لە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەوە دەست پێبکرێت و کار لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و بە پیشەوەرکردنی دامەزراوەی ئەمنی بکرێت و بخرێتەژێر دەسەڵاتی مەدەنییەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن وا لە دەوڵەتەکە بکەین، ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت.

**بوونی توندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی دەبێتەهۆی ئەوەی ناسەقامگیری و توندوتیژی پەل بکێشێت بۆ دەوڵەتە دراوسێکانیش، پێچەوانەکەشی هەر راستە**

*** پێتوانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ هاوکاریکردنی وڵاتان تاوەکو دوچاری شکست و داڕووخان نەبن، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکەی لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدایە کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتە لەرزۆك و لاوازەکان بدات لە جیهاندا، بۆ نموونە کاتێك وڵاتێك تووشی قەیرانی ئابووری و ناسەقامگیریی ئابووری دەبێت، ئەوا لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاوکاری بکات، چونکە ئەم قەیرانە ئاکامی خراپی سیاسی لەسەر ئەو وڵاتە و لەسەر جیهانیش لێدەکەوێتەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دەستتێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لەسەر بنەمای توێژینەوەکان نەبوو، کە باشترین رێکاریان دەستنیشان کردووە، بەڵکو هەندێ جار هاوکاریی دارایی بۆ بوارێکی دیاریکراو تەرخان کراوە کە دەرئەنجامی کارای لێنەکەوتۆتەوە، بگرە لە هەندێ حاڵەتدا لەبری چارەسەرکردنی شکستەکە دۆخەکە خراپتر بووە.

**لە رووی مێژووییەوە کەسانی ئەکادیمی کارێکی زۆریان ئەنجام نەداوە بۆ پێوانەکردنی شکستی دەوڵەت، واتە وردبوونەوەیەک تەواو نەکراوە لە دەرئەنجامەکانی شکستهێنانی دەوڵەت بە چەشنێک کە راسپاردە و پێشنیاری باشی لێبکەوێتەوە**

# ئەمریکا و ستراتیژیەتی ئیحتیواکردن لە ئاست سووریادا

## بۆ ئەوەی رووسییەکان ببەزێنیت، لێگەڕێ با بیبەنەوە

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سووریادا لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بەرگێگی فەرمی بە بەر دەستکەوتەکانی گۆڕەپانی شەڕدا بکات، ئەویش بەوە دەبێت کە لە رێی ئەنجامدانی گفتوگۆوە رێککەوتنێك بەدی بێنێت و دواتر وڵاتەکە جێبهێڵێت. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، پێویستی بەوەیە کە لە مەودای کورتدا پرسێکی هاوبەش لەگەڵ گەورەترین رکابەری جیپۆپۆلەتیکی خۆیدا بدۆزێتەوە، کە رووسیایە. ئەنجامدانی ئەم کارەش پێویستی بەوەیە کە ئەمریکا راستییە روون و تاڵەکەی سووریا لەبەرچاو بگرێت: سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، بە رادەیەکی گەورە یاخیگەری دژی رژێمەکەی تێکشکاندووە و دەسەڵاتی خۆی لە بەشێکی زۆری رۆژئاوای وڵاتەکەیدا جێگیرکردۆتەوە و پشتیوانییەکی بێ سنوور و زەمانەتی ئەمنی لە مۆسکۆ و تارانەوە دەستەبەر کردووە. لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەسەد حوکمڕانیی زۆربەی سووریا دەکات.

ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەمریکاوە، ئەوا پاڵنەر ( و پاساوی یاسایی) مانەوەی لە سووریادا بریتی بوو لە شەڕی دژ بە داعش، کە ئەو شەڕەش بۆ ئەوە هەڵگیرسا تاوەکو ئەو گرووپە نەتوانێت -ئەو وڵاتە- بکاتە مۆڵگە و پەناگای خۆی، لەم پێناوەشدا پشتیوانی لە حکومەتی عێراق دەکات و کار دەکات بۆ ئەوەی چەکدارانی داعش نەتوانن پیلانگێڕی بکەن و هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدەن لە بەشی رۆژئاوای وڵاتەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەم شەڕەدا، چەند پرسیارێکی نارەحەتکاری ورووژاندووە لەبارەی ئەوەی پێویستە هەنگاوی داهاتووی واشنتۆن چی بێت. بارگرژییەکان لەگەڵ مۆسکۆ و تاراندا بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا پشتیوانی لە مانەوەیەکی درێژخایەنی ئەمریکا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بکەن، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە رێگری لەوە بکەن دەستکەوتەکانی ئەمریکا- کە بە زەحمەتی بەدەستی هێناوە- رادەستی هێزە دوژمنکارەکان بکرێن.

ئاسانە لە نیازی پشت ئەم ستراتیژیەتە تێبگەین، بەڵام لۆژیکی ئەم ستراتیژیەتە دواکەوتووانەیە. ئەمریکا پاڵنەری ئەوە هەیە کە تەحەددای مۆسکۆ بکات لە هەر شوێنێك کە بتوانێت، بەڵام لە سووریادا ئەمریکا لایەنێکی براوە نییە. باشترین گرەوی ئەمریکا ئەوەیە کە گفتوگۆ لەسەر کشانەوەی هێزەکانی بکات، بۆ ئەوەی دۆخێك بخوڵقێت کە رووسیا تێچوو و باجی شەڕی ناوخۆیی حەوت ساڵەی سووریا بگرێتە ئەستۆ. پێدانی ئەم سەرکەوتنە کورتخایەنە بە مۆسکۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی رووبەڕووی دەرئەنجامەکانی کرداردە قێزەونەکانی



ئارۆن ستەین

لە سایتی فۆرن ئەفێرز بڵاوبۆتەوە.

ڕژێمەکەی ئەسەد ببێتەوە. ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە بوار بە ئەمریکا دەدات بۆ ئەوەی تەرکیزی خۆی بگۆڕێت بە ئاراستەی داڕشتنی پلانێکی درێژخایەن، کە پێگەیەکی باشتری هەبێت تێیدا. واتە لەبری ئەوەی رابکێشرێتە شەڕێکی دیکەوە لە سووریا، ئەوا پێویستە واشنتۆن بەرهەڵستی مۆسکۆ بکات لە رێی گرتنەبەری سیاسەتی ئیحتیواکردنی دووسەرەوە لە ئاست هەردوو هاوپەیمانەکەی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دیمەشق و تارانە. دەکرێت ئەم سیاسەتەش سەپاندنی سزای دارایی لەخۆ بگرێت لە دژی مۆسکۆ لەبەرامبەر پابەندبوونەکانی بە ئەسەدەوە، ئەمەش تێچووی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە زیاتر دەکات، کە دەبێتەهۆی ئەوەی رووسیا باجی پشتیوانییەکەی بدات بۆ رژێمە بکوژ و لادەرەکە.

سیاسەتێکی لەم چەشنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێتە هۆی تەواوکردنی هەوڵە بەردەوامەکانی ناتۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژکاریی رووسیا لە ئەورووپای رۆژهەڵات لە رێی پتەوکردنی بوونی سەربازیی هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی بەڵتیکدا. ئەم دوو هەوڵەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئیحتیوای دیمەشق بکرێت و لە هەمان کاتدا کار لەسەر پاشەکشەپێکردنی رووسیا لە چەند بەرەیەکدا بکرێت.

**● رێککەوتنەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم بۆ تەحەددیکردنی رووسیا بریتییە لە چارەسەرکردنی شەڕی سووریا بەو مەرجانەی کە رووسیا قبووڵی دەکات. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کۆتاییهێنان بە شەڕی سووریا، پێویستە ئەمریکا شتێك بە رووسیا ببەخشێت کە خوازیاریەتی و بیر لەوە بکاتەوە کە ئەمریکا لە بەرامبەردا چی دەوێت. بەرژەوەندیی سەرەکیی رووسیا بریتییە لە مانەوەی رژێمی سووریا لە دەسەڵاتدا. بە پێچەوانەوە ئەمریکا، تەرکیز لەسەر ئەوە دەکات بوار نەدات داعش مۆڵگە و پەناگا دروست بکات. هاوپەیمانی مەحەلی ئەمریکا، هێزەکانی سووریای دیموکراتی، پشت بە پارتی یەکێتی دیموکراسی دەبەستێت- کە زۆرینەی کوردە- و لقێکی پارتی کرێکارانی کوردستانە. هێزەکانی سووریای دیموکراتی زۆربەی شەڕە زەمینییەکەیان لە دژی داعش ئەنجامداوە و کار لەسەر دامەزراندنی حوکمڕانییەکی خۆبەڕێوەبەری دەکەن کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت، ئەمەش سیاسەتێکە قابیلی قبووڵکردن نییە بەلای رژێمی ئەسەدەوە.

نە ئەمریکا و نە رووسیا خوازیاری ئەوە نین کە شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووریای دیموکراتی و رژێمی سووریادا دروست بێت. لە تێڕوانینی واشنتۆنەوە، شەڕێکی لەم چەشنە دەبێتەهۆی

**ئێران پشتیوانی سەرەکیی رژێمی سووریایە و تاوانبارە لە کردەوەکانی هاوپەیمانەکەی لە گۆڕەپانی شەڕدا، ئەمریکاش مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە سزادانی سوپای پاسدارانی ئێران و پێویستە بەردەوامیش بێت**

**پێویستە ئەمریکا بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی سووریا هاوکاری دارایی نەکات، دەبێت ئەم ئەرکە بۆ مۆسکۆ جێبهێڵێت بۆ ئەوەی پارچەکانی ئەو وڵاتە کۆبکاتەوە کە رژێمە هاوپەیمانەکەی خۆی وێرانی کردووە**

کەمبوونەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی دژ بە داعش و رەنگە بوار دروست بێت کە دووبارە ئەم رێکخراوە دەست بەسەر بەشێکی خاکی ئەو وڵاتەدا بگرێتەوە. لە دیدی مۆسکۆشەوە، ئەمە دەبێتەهۆی درێژکردنەوەی شەڕەکە و رەنگە ببێتەهۆی ئەوەی هێزەکانی رووسیا بکەونە شەڕەوە لەگەڵ کورددا-کە کوردیش هیچ هەڕەشەیەك لەسەر وڵاتی رووسیا دروست ناکەن و رووسیاش خوازیاری ئەوە نییە شەڕیان لەگەڵدا بکات. تەحەددییەکە بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە چۆن بارگرژیی نێوان ئەسەد و کورد خاو بکاتەوە، بە بێ ئەوەی تورکیا پەراوێز بخات، لە کاتێکدا تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ناتۆ و شەریکی رووسیایە لە پرۆسەکانی ئاستانا و سۆچی، کە پرۆسەی سۆچی هەوڵێکی وەستێنراوە بۆ داڕشتنی دەستوورێك و گفتوکردن لەسەر کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. تورکیا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەیە لە ئاست هێزەکانی سووریای دیموکرات و بەم دواییە دەستێوەردانی کرد لە عەفریندا، کە کانتۆنێکی کوردی دابڕاوە لە باکووری رۆژئاوای سووریا، کە تورکیاش شەڕی میلیشیای سەرەکیی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکات کە بریتییە لە یەکینەکانی پاراستنی گەل کە کوردن.

شەڕی عەفرین بۆتەهۆی لاوازکردنی دوایین قۆناغی شەڕی ئەمریکای دژ بە داعش، هەروەها بارگرژییەکانیشی زیاتر کردووە لە نێوان تورکیا و دوو هاوپەیمانەکەی رووسیا، ئێران و رژێمەکەی ئەسەد. دوای ئەوەی ئەنقەرە عەفرین کۆنترۆڵ دەکات، ئەوا رەنگە دەرفەتێکی کەم هەبێت بۆ رێککەوتن لەسەر هەڵوێستێکی هاوبەش. پێویستە ئەمریکا دەست هەڵگرێت لە پێداگیریکردن لەسەر گۆڕینی رژێم لە بەرامبەر ئەوەی چوارچێوەی ئێستای گفتوگۆکان بەرفراوان بکرێت بۆ ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکراتیش لەخۆ بگرێت. ئەم چوارچێوە فراوانکراوەش لەلایەن رووسیا و ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرێت و دەکرێت بکرێتە بەشێك لە پرۆسەی ئاشتیی ژنێڤ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پاڵپشتی لێدەکرێت، بەمەش مەودای گفتوگۆکان فراوان دەبێت بۆ ئەوەی نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا لەسەر زەوی لەخۆ بگرێت. لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هێزەکانی سووریای دیموکرات ئاوێتەبکرێن لە هەوڵەکانی گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە رەنگە ئەنقەرە ناچار بکات بگاتە رێککەوتنێك لەگەڵ کوردی سووریادا کە لە دەرئەنجامدا کۆتایی بەم ناکۆکییە بهێنێت لەگەڵ یەپەگەدا.

بۆ بەردەوامیدان بە فشارەکان لەسەر ئەسەد، ئەمریکا دەتوانێت سوود لە رێککەوتنێك وەربگرێت کە مۆسکۆ هاوکار بووە لە گەڵاڵەکردنیدا. مەبەستم لە بڕیاری رژێمی سووریایە لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ لەناوبردنی پڕۆگرامی چەکە کیمیاییەکانی و واژووکردنی رێککەوتنی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی. رووسیا کاری لەسەر هێنانەئارای ئەم رێککەوتنە کرد، بەڵام لەو کاتەوە هەموو هەوڵێکی لاواز کردووە کە دراوە بۆ ئەوەی رژێمی ئەسەد رووبەڕووی بەرپرسیارێتی پێشێلکردنی پابەندبوونەکانی ببێتەوە. پێویستە ئەمریکا سزا بەسەر رژێمەکەدا بسەپێنێت لەبەرامبەر ئەوەی بەردەوام چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت و بیر لەوە بکاتەوە کە سزای ئەو دامەزراوە رووسییانە بدات کە پارچەی یەدەگ بۆ ئەو فڕۆکە جەنگییانەی رژێمەکە دابین دەکەن کە چەکە کیمیاییەکە بەکار دەهێنن و کار لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بکات بۆ ئەوەی رێگری لە هەناردەکردنی ئەو کەلوپەلانە بکەن کە بەکارهێنانی دووسەرەیان هەیە، تاوەکو نەگەنە دەستی رژێمی سووریا. ئەم شێوازی کارکردنە دەبێتەهۆی هەوڵەکانی پەیوەست بە فشارخستنەسەر رژێمی سووریا گرێبداتەوە بە ئامانجە بەرفراوانەکانی ئەمریکاوە بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، کە ئەمەش سزادانی کۆریای باکوور لەخۆ دەگرێت بۆ هەناردەکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و پێکهاتەکانی مووشەکی بالیستی بۆ سووریا.

## ● لە نکۆڵیکردنەوە بۆ قبووڵکردن

تەحەددییەکە ئەوەیە کە ئەمریکا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە کشانەوەی ئەمریکا دەبێتەهۆی ئەوەی واشنتۆن دەستی واڵا بێت بۆ زیادکردنی فشار لەسەر دیمەشق، مۆسکۆ و تاران. رژێمی سووریا میراتگری یاخیگەرییەکی کەم و ئابوورییەکی تێکشکاو و ژمارەیەکی کەمی ژێرخانی بەکارهاتوو دەبێت لە ناوچە شارنشینەکاندا.

پێویستە ئەمریکا بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی سووریا هاوکاری دارایی نەکات، دەبێت ئەم ئەرکە بۆ مۆسکۆ جێبهێڵێت بۆ ئەوەی پارچەکانی ئەو وڵاتە کۆبکاتەوە کە ڕژێمە هاوپەیمانەکەی خۆی وێرانی کردووە. ئەو کاتە واشنتۆن دەتوانێت تەرکیز لەسەر ئەو کارە بکات کە سەرکەوتووە تێیدا، هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم لە ئەورووپا کە ئیدارەدانی هاوپەیمانێتییە. لە حاڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا تەوەری سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکا بۆ چەندین دەیە بریتی بوو لە بوونی پەیوەندیی دووقۆڵیی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل، کە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تۆکمە کراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕەفتارەکانیان، ئەوا گۆشەگیرکردنی زیاتری دیمەشق و مۆسکۆ کارێکی قورس نابێت. سووریا جار لە دوای جار یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە لە ڕێی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لە دژی گەلەکەی و بەم دواییە مۆسکۆ غازی دەماری بەکارهێنا بۆ ئیغتیالکردنی کەسێك لەسەر خاکی بەریتانیا. تاکە وڵاتێکی دیکە هەبێت کە ئازادانە چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت، بریتییە لە کۆریای باکوور. کەواتە کارکردنی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بۆ گرتنەبەری کاردانەوەیەکی یەکگرتوو لە ئاست ئەم هەڵسوکەوتە قێزەونانە پێویستە ئامانجێك بێت کە بتوانرێت بە ئاسانی بەدەست بهێنرێن. لە هەمان کاتدا، ئێران پشتیوانی سەرەکیی ڕژێمی سووریایە و تاوانبارە لە کردەوەکانی هاوپەیمانەکەی لە گۆڕەپانی شەڕدا، ئەمریکاش مێژووییەکی دوورو درێژی هەیە لە سزادانی سوپای پاسدارانی ئێران و پێویستە بەردەوامیش بێت، لە هەمان کاتدا پێویستە دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو کۆت و بەندانەی بەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا سەپێندراوە، وەك خۆیان بمێننەوە.

لە کاتێکدا لە ئەورووپا بناغەی سیاسەتی دەرەکی و ئەمنیی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٩وە بریتی بووە لە ماددەی ٥ی پەیماننامەی باکووری ئەتڵەستی کە پەیوەستە بە بەرگری هاوبەشەوە. کە تێیدا هاتووە هێرشی چەکداری لە دژی وڵاتێك، یان زیاتر، لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور وەك هێرشکردن بۆ سەر هەمووان لێکدەدرێتەوە. کردارەکانی ڕووسیا، لە ژەهراویکردنی سیخوڕێکی پێشوو لە بەریتانیا تا دەگاتە لکاندنی بەشێکی ئۆکرانیا بە وڵاتەکەیەوە (لە کاتێکدا ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ نییە)، ئەوە دەخەنەڕوو کە پێویستە پلانی بەرگرییەکی بەردەوام دابڕێژدرێت و توانای جەنگی هاوپەیمانێتییەکە و ژێرخانی ماددی لە کیشوەری ئەورووپادا باشتر بکرێت. لە کۆتاییدا، سووریا تەنیا ئەڵقەیەکی بچووکە لە هەوڵێکی بەرفراوانتر و فرەڕەهەندە بۆ ئیحتیواکردنی مۆسکۆ، هەروەها گرنگە کە ئەوە بە کەم نەگرین کە ئەمریکا دەتوانێت زیاتر پاشەکشە بە ڕووسیا بکات، یان بەرپەرچی بداتەوە.

بۆ ئەوەی بە خێراترین شێوە شەڕی سووریا کۆتایی پێبهێنرێت، پێویستە ئەمریکا شتێك بە ڕووسیا ببەخشێت. ئەگەر واقیعبین بین، ئەوا تاکە شتێك کە ئەمریکا بتوانێت بیبەخشێت بریتییە لە دەستەبەرکردنی مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد. لە بەرامبەردا، پێویستە داوا لە ڕووسیا بکات کە فشار لەسەر هاوپەیمانەکانی لە دیمەشق و تاران بکات، لەگەڵ هاوبەشەکەیدا، کە تورکیایە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی فەرمی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتی ئەنجام بدات. ئەم سیاسەتە شکستهێنان نییە، بەڵکو قبووڵکردنی واقیعەکەیە. بەڵکو ئەمە بەشێکە لە هەوڵێکی بەرفراوانتر بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕووسیادا، سیاسەتی ئیحتیواکردنی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستکردنی فشاری ڕاستەوخۆ لەسەر مۆسکۆ لە چەند بەرەیەکەوە. پێویستە ئەم فشارە فرەڕەهەند بێت، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە کارێك بکرێت ڕووسیا تێچووی شەڕی سووریا بگرێتەئەستۆ و دواتر بەرفراوان بکرێت، لە نێوياندا قووڵکردنەوەی هاوپەیمانێتییەکان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا. لەسەر ئاستی جیهانی، ئەمریکا باڵادەستییەکی بەهێزی هەیە کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت ئەگەر هاتوو تەرکیزی لەسەر گەمە درێژخایەنەکە کرد و خۆی نەگلاندە شەڕێکەوە کە هەموو کارتەکانی بەدەست ڕووسیایە و ئامانجە سەرەکییەکەی ئەمریکاش کە تێکشکاندنی داعش بوو، بەدی هاتووە.

**نە ئەمریکا و نە ڕووسیا خوازیاری ئەوە نین کە شەڕ لە نێوان هێزەکانی سووریای دیموکراتی و ڕژێمی سووریادا دروست بێت. لە تێڕوانینی واشنتۆنەوە، شەڕێکی لەم چەشنە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش**

**بارگرژییەکان لەگەڵ مۆسکۆ و تاراندا بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا پشتیوانی لە مانەوەیەکی درێژخایەنی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بکەن**

مایکڵ مۆسۆ

پسپۆڕی بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بۆ گوڵان:

# ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەتدا کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی توندڕەوی و تیرۆریزم دەبێت


*** هەروەك دەزانن ناسەقامگیری و بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، سەرباری ئەوەش چەندین گرووپی توندڕەوی تیرۆریستی لەم ناوچەیەدا سەریانهەڵداوە کە کاولکاری و کوشتارێکی بێ پێشینەیان خوڵقاندووە، ئایا وەك پسپۆڕێکی بواری ریشەکانی تیرۆریزم پێتانوایە هۆکارە بونیادییەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم گرووپانە چین؟**

- من دەتوانم هۆکارەکە بۆ نەبوونی هەلی کار لە بازاڕی تایبەتدا - کەرتی تایبەتدا- بگەڕێنمەوە. چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە زۆربەی هەلی کاری رەخسێنراو لەم ناوچەیەدا لە کەرتی حکومەتدایە و بواری ئەم کارانەش بوارێکی بەرتەسکە و بۆتە بابەتی ململانێی چەندین گرووپ، ئەویش لەسەر بنەمای مەحسوبییەت و مەنسوبییەت، ئەو کەسانەشی کە ناتوانن لە ڕێی مەحسوبییەتەوە هەلی کار بەدەست بهێنن، روودەکەنە ئەو گرووپانەی کە گرێدراوی دەوڵەتەکە نین. بە زۆری ئەم گرووپانەش هەوڵ دەدەن لە ڕێی کار و کردەوەی تاوانکاری، یاخود لە ڕێی توندوتیژی سیاسیی دژ بە دەوڵەت، پشتیوانی و پاڵپشتی بۆ شوێنکەوتووەکانیان دەستەبەر بکەن. هەروەها سەرکردەکانی ئەم گرووپانە بە زۆری پەنا دەبەنە بەر تەبەنیکردنی شوناسێك، یان ئایدیۆلۆژیایەك لە پێناوی پاساوهێنانەوە بۆ ئەو توندوتیژییەی دژ بە دەوڵەت دەیگرنەبەر.

ئەم رکابەرییەی شیعە و سوننە بە هیچ شێوەیەک ئاو ناکات بە ئاگری توندڕەوی و تیرۆریزمدا. چونکە بۆ چەندین سەدە سوننە و شیعە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە ژیاون

*** هەروەك دەزانن بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و چارەسەرکردنی ریشە و هۆکارەکانی ئاسان نییە، بەڵام هەر دەبێت هەوڵ بدرێت و کۆششی جددی بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوە و لانیکەم ئیحتیواکردنی، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا کاریگەرترین و کاراترین سیاسەت و ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم و گرووپە تیرۆریستییەکان چییە؟**

- من ئەمە گرێدەدەمەوە بە چارەسەرکردنی ریشە و هۆکارەکانی تیرۆریزمەوە و دەڵێم پێویستە بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەرفراوان هەلی کار لە بازاڕی تایبەتدا- کەرتی تایبەتدا- بڕەخسێندرێت. حکومەتەکانیش دەتوانن بەم کارە هەڵبستن، ئەویش لە ڕێی تەرخانکردنی سەرچاوەکان و خەرجکردنی داهاتەکانەوە لە پرۆژەکانی بنیادنانی ژێرخاندا، هەروەها لە ڕێگەی پێدانی گرێبەست بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، کە دەبێت کاری پێدانی پڕۆژەکان لەلایەن حکومەتەوە بە شێوەی کەمکردنەوەی نهێنی بێت، کە یەکسانی تێدا رەچاو بکرێت. دەبێت لەم چوارچێوەدا ئامانجەکە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری بێت تا رادەی نەهێشتنی و بە چەشنێك بێت کە



**مایکڵ مۆسۆ پرۆفیسۆرە لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، ئابووریی سیاسیی شەڕ و ئاشتی، ریشەکانی تیرۆریزم و یاخیگەری، لە توێژینەوەکانیدا بایەخی سەرەکی بە هۆکارەکانی شەڕ و ئاشتی، پەرەپێدانی سیاسی، لە نێویاندا بە دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤ دەدات، پێشتریش لە چەند سەنتەرێکی گرنگ توێژەر بووە، وەك سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد، ئامۆژگای سۆلتزمان بۆ دیراساتی شەڕ و ئاشتی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە هۆکار و رەگ و ریشەکانی سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان و ستراتیژیەتە کاراکانی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و تیرۆریزم و چۆنیەتی بردنەوەی ئاشتی لە دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە شەڕی دژ بە تیرۆردا، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

زۆربەی پێگەیشتووان لە رەگەزی نێر کاریان لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا دەست بکەوێت، ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بازاڕدا کێبڕکێ و ململانێ دەکەن.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە هێزە دەرەکییەکان، یاخود دەستێوەردانە دەرەکییەکان بەشێکن لە کێشەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە و هۆکارێکن بۆ زیادبوونی رەوتە تیرۆریستی و توندڕەوەکان، ئایا دەکرێت ئەم هێزانە ببنە بەشێك لە چارەسەر و دەتوانن رۆڵێکی ئیجابی لەم رووەوە بگێڕن ؟**

- پێموایە دەتوانن هاوکارییەکی زۆر بکەن. چونکە ئاژانسە نێودەوڵەتییە کۆمەکبەخشەکان دەتوانن سەرچاوە و دارایی دەستەبەر بکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بنیادنانی ژێرخانی وڵاتەکە. هەروەها دەتوانن رۆڵی چاودێریش ببینن بۆ ئەوەی دڵنیابن ئەو گرێبەستانەی دەدرێنە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، لە رێی پرۆسەی کەمکردنەوەی نهێنییەوە دەبێت کە یەکسانی تێدا پیادە بکرێت.

***ئەوەی لەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دوای ئەوەی لە رووی سەربازییەوە گرووپێکی تیرۆریستی تێکدەشکێنرێت، ئەوا گرووپێکی مەترسیداری تیرۆریستی لە جێی سەرهەڵدەداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم بازنەیە بشکێنرێت و چۆن لەگەڵ بردنەوەی شەڕە سەربازییەکەدا دەتوانین ئاشتییەکی درێژخایەن بنیاد بنێین؟**

- دووپاتی دەکەمەوە، پێویستە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەلی کار لە بازاڕی تایبەت- کەرتی تایبەتدا- بڕەخسێندرێت. چونکە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئەوا گرووپی دیکەی توندڕەو سەرهەڵنادەنەوە و دروست نابنەوە.

*** کێشەیەکی دیکە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت کە کێشەیەکی دژوار و درێژخایەنە و رەگ و ریشەی قووڵی هەیە، ئەویش بریتییە لە رکابەریی تایفەگەری لەنێوان شیعە و سوننە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم رکابەری و ناکۆکییە تایفەگەرییە تا چەند ئاگری توندڕەوی و توندوتیژی خۆش دەکات؟**

بە تێڕوانینی من ئەم رکابەرییەی شیعە و سوننە بە هیچ شێوەیەك ئاو ناکات بە ئاگری توندڕەوی و تیرۆریزمدا. چونکە بۆ چەندین سەدە سوننە و شیعە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە ژیاون. دواتر ناکۆکییەکانی پەیوەست بە ناسنامە و شوناسەوە کاتێك سەرهەڵدەدەن کە هەلی کار لە بواری کەرتی تایبەتدا نەڕەخسێنرابێت. کەواتە هەر کاتێك هەلی کار لەم کەرتەدا دەستەبەر کرا، ئەوا ئەم رکابەرییەش لە ئارادا نامێنێت و ئاوا دەبێت.

**پێویستە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەلی کار لە کەرتی تایبەتدا بڕەخسێندرێت. ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئەوا گرووپی دیکەی توندڕەو سەرهەڵنادەنەوە**



# بۆساڵیادی کۆچی دوایی (نیگار خانی) هاوسەرم
# گفتوگۆ و وێنەو بیرەوەری لە ساتەکانی تەمەنیدا

نازانم چی بنووسم، داستانێك، یان چیرۆكێك كورت بێ، یان درێژ، یا پەخشانە شیعرێك، یان شیعرێكی ئاسایی، یان رستەیەك، یان فرێزێك، یا وشەیەك، یا پیتێك كە سەرەتایەك بێ بۆ نیگارێك كە بكاتە وشەو لە وشەوە بۆ رستە. لە رستەوە بۆ كورتە چیرۆك، یان داستانێك كە خەمی نامۆیی و خەونەكانم لە بیر بباتەوە، یان وێنەی داستانێ كە هەموو رۆژێك لە یادەوەرییەكانمدا، وەك فەرهەنگێك كە خەرمانەی وشەكانم برازێنێتەوە..

كاتێك لە قوتابخانەی هەورامان لە گەڕەكی خەبات، لە خەم و ئازارێكی زۆر نالەباردا رووم كردە ئەو قوتابخانەیە، تا وانەیەك بە قوتابییەكانی ئەنفالكراوانی، قەرەداغ و هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٨٨ دا بڵێمەوە، لەو ساتەوە چەندان قوتابیمان پێگەیاند لەژێر قوتابخانە جەمەلۆنەكەی هەوراماندا، ئالەو كاتەوە وەك: نیگایەك بە دڵسۆز بە هاوسەرم ئاشنا بووم. ئۆخەیم كرد كە رووخساری جوانی ئەو هەموو ئازارەكانی لە بیر بردمەوە، وردە وردە، بە بیری رەنگینی ئەو خانەوادەیەكی خنجیلانەمان پێكەوە نا، ساڵ بە ساڵ و مانگ بە مانگ، هەفتە بە هەفتە، رۆژ بە رۆژ، سات بە سات، ئەو ئارامی و هێمنی بە من بەخشی، نیگارێك وەك گزنگی رۆژ، وەك تیشكی هەتاو تیشكی بە خزم و كەسوكاری من بەخشی، هەوێنی یارمەتی بوو بۆ هەمووان،ترووسكەی سەرتۆپی شادی بابان و هەورامان بوو، هەردوو لا كە ئەویان دەبینی، زامەكانیان سارێژ دەبوون، نەك جارێك سەدجار ئۆخەی خۆشییان بۆ نیگاری ئازیز دەنواند.

لێرەوە خۆت دەدوێنم:

شەوێ لە شەوەكانی، هاوینی گەرمای شاری سلێمانی، تەماشای وێنەو ئەلبوومەكانی تۆم دەكرد، ئاهـ چەندە جوان بوون. لە ناو هەموو وێنەكاندا تۆ دیار بووی، وێنەكان یادگاری شكۆی كۆمەڵایەتیی تۆیان دەنواند. تۆ نامۆ نەبووی بۆ هەمووان، بەڵكو تۆ سەرقافڵەی رشتەی مرواری بووی بۆ من و بۆ هەموو خزمان.

زۆر دەمێكە باڵندەیەكی جوان و قەشەنگ لە حەوشەی ماڵەكەماندا، فرەبەزەریفی بە دەنگێكی جوان دەجریوێنێ. ئێمە دڵنیاین ئەوە گیان، یان رۆحی خاوێنی تۆیە، لە ساباتی سەیوانەوە تۆ جار جارێ دێیتەوە ناومان. ئازیزەكەم تۆ زۆر جار دەتگوت: دەبێ زۆر بە ئاگایی ئاگامان لە یەكتری بێ، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر بەرین. تۆ ئێستا لە دوا گڵكۆی خۆتی، چاوی خێرت لە (من و ساناو خولیا گیان) بێت. دیارە هەر رۆحی تۆیە ئەو باڵندەیە، بە ئاوازی جوان دەخوێنێ، بیری شەیدایی تۆیە بۆیە هەردەم بە پاكی دێتەوە حەوشەی ماڵەكەمان.

ئازیزەكەم (نیگار گیان) هۆ شنەبای باخاتی هەورامان، هۆ گلێنەی چاوەكانم، لەو رۆژەوە، تۆ دواهەوارت لە سەیوانە. رۆژ بە رۆژ بیرەوەرییەكانم وەك: نەمامی هیوات هەردەمە لەسەر مێزی نووسینەكەمەو هەر جارەو تابلۆی شیعرێكت بۆ دەنووسم. تۆ گزنگی خۆری، یان شنەبای بەهاری، یان وەنۆشەی گوێ چەمی هەورامانیت؟ خۆزگە هەموو سۆزو میهرەبانیی جارانت، بۆ ئێمەت دەنواندەوە. خۆزگە وەك ئەو باڵندەیە جارێ وەك جاران ئێمەت دەدواند.





خۆزگە بەیانییەك ببوویتایە بە میوانمان، ئێمە حەز ناکەین تۆ بە تەنیایی بژیت، دەمانەوێ لەم دنیایە و لەو جیهانەی پەسڵاندا پێکەوە ژیان بەسەر بەرین. ئاهـ هەستت خاوێن بوو، تێ ناگەین بۆ چی بە جارێ ماڵئاواییت لێ کردین، هەروەکو مەولەوی دەفەرموێ:

**شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست**
**موحەرەم ئاما (مەحرەم) شی نەدەست**

تۆ مانگی ئازاری، یان مانگی نەورۆزی، بۆیە لە ماڵەکەماندا، لە (٢٠١٧/٣/٢٣) کۆچی دواییت کرد، تۆ (نیگاری) ئازیز بووی. بۆیە بە جەستە لەلامان نیت، بەڵام هەردەم رۆحت وەك باڵندەی بەهاری بەسەرماندا هاتوچۆ دەکات و نزاوپاڕانەوە لەلایەن یەزدانەوە بۆ ئێمە دەکەیەت.دواجار بۆ لای دکتۆری چارەسەرە، چونکە جار جار دەتگوت: (ئازارم زۆرە. بۆیە دەرکەوت نەخۆشی شێرپەنجە زۆری بۆ هێناوی) لە دوای پشکنین و سۆنار، دیار بوو ئەو نەخۆشییە زۆر ئازاری دابوویت، دوای نەشتەرگەریت بۆ یەکەم جار تۆ زۆر باش بوویت، بەڵام تیشکی لێزەرەکەیان دواخستی، بۆیە بۆ جاری دووەم سەری هەڵدایەوە، دیسان نەشتەرگەری دووەمیان بۆ کردی، ئەم جارەیان تۆی لەناوی برد، چونکە شادەماری مێشکت و سنگتی وەك خانووی جاڵجاڵۆکە تەنراوی شێرپەنجە بوو. هەر هیوامان ئەوە بوو، هیوایێکت بۆ بێتەوە، بۆ ئەوەی ژیانت ئاسوودە بێت، بەڵام ئەژدیهای شێرپەنجە بەرۆکی بەرنەدایت، بۆیە (من و سانا و خولیا) دەستی تۆمان دەگرت، هەنگاو بە هەنگاو بۆ لای پزیشکی پشکنینمان دەبردی، بۆ دواجار لە ماڵ چوویتە دەرەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەگەڕایتەوە ماڵەوە، بۆیە بای شەماڵ گیانی تۆی بۆ سەیوان برد، ئیدی نەهاتیەوە لامان. هەرکاتێکی ئەو یادەوەرییانە، بۆ ئێمە مردنێکە، نیگاری خان و مان، هەرگیز سیمای تۆ بۆ ئێمە لەبەرچاو ون نابێت، وێنەکانت هەر یەکەیان تابلۆیەکی خەمڕەوێنە بۆ ئێمە..

زۆر جار هەموو خزمان جەم بوون، بۆ ئەوەی خۆشی و شادی بۆ ئەوان بهێنیتەوە، بەڵام لە نەورۆزی (٢٧١٧)دا پەڕەی گوڵت هەڵوەری، گردی سەیوان میوانداری کردی بۆ یەکجاری و کۆچت بۆ ئەوێ کرد، بۆیە رووخسارت لەلامان بە یەکجاری ون بوو. هەرکاتێ بیرت دەکەین من منداڵەکان بە سەتڵە ئاوەوە، ئاوپرژێنی گڵکۆ و دار زەیتوونەکانت دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو دار زەیتوونانە ببن بە ساباتێك تا هەتاوی هاوینە گڵکۆی تۆ نەپڕووزێنێت، کە دێینەوە لە سەیوان رۆژانی چوار شەممان، نە سیمای جارانی تۆ، نە دەنگ و رەنگی تۆ بە هیچ شێوەیەك بەدی ناکەین، بۆیە ئەلبومی یادەوەرییەکانت پەڕە بە پەڕە هەڵدەدەینەوە، لە یەکەمین وێنەوە تا دواوێنەت بە یەکجاری یادت دەکەینەوە. یادت دەکەینەوە..

هەموو ساڵێك کە نەورۆز دێتەوە خەرمانی خەمەکانمان سەرلەنوێ کۆدەبێتەوە. کۆتابێت بەم دێڕە شیعرەی مەولەوی:

**ئیمساڵ نەو وەهار جون خەزانی زەرد**
**هەیا هۆش گەرمەن مەناڵۆ جە دەرد.**

دارا هەورامانی
٢٠١٨/٣/١٥